Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# شیکردنەوەی جوگرافی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی هەردو خولی (2013-2018) پەرلەمانی هەرێمی کوردستان

سەفین جلال فتح الله[1] - بەڵێن فیض الله عبدلله[2]

[1+2] بەشی جوگرافیا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عیراق.

## پوختە:

هەڵبژاردن یەکێکە لەبابەتە گرنگەکانی ناو کایە سیاسیەکانی زانستی سیاسی بەگشتی و جوگرافیای هەڵبژاردن بەتایبەتی چونکە دو شێوازی وەرگرتنی دەسەڵات هەیە لەناو فەلسەفەی حوکمرانی یەکێکیان خۆی لەشێوازی توندوتیژی (عنف) لە ڕێگای کودەتا یاخود شۆڕشی چەکداری کە ئەمەش دەبێتە هۆی نائارامی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئابوری ئەمە شێوازێک جۆرێکی تر ئەوەیە کۆمەڵگاکە هەمولایەک لەسەر پرانسیپەکانی دیموکراسی ڕێککەون گۆڕین لە دەسەڵاتدا بکەن بەشێوازی ئاشتیانە و دور لە توندوتیژی لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە.

ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی چوارەم و پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەکەین و بەراوردی ئەنجامی ئەم دو خولە دەکەین ئەو گۆڕانکارییانەی کە ڕویداوە شیدەکەینەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکەین.

**کلیلە وشەکان:** هەڵبژاردن، دەنگدان، دەنگدەر، هەڵبژێر.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12
**Received:** 06-December-2021
**Accepted:** 30-January-2022
**Published:** 29-September-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
safin.jalal@koyauniversity.org
balenfaidhalla@gmail.com
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

لەبنەڕەتدا هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دیموکراسیە دەنگدەر دەتوانێت لەو پرۆسەیەدا ئەندامانی پەرلەمان سەرۆکی وڵات ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا دەستنیشان بکات، بەپێی ئەو سیستەمە کارپێکراوەی پێشتر بڕیاری لەسەر دراوە و پەسەند کراوە، جوگرافیای هەڵبژاردن لقێکە لە زانستی جوگرافیای سیاسی لێکۆڵینەوە دەکات لە شێوازی دابەشبونی لیستە جیاوازەکان و ئەو هۆکارانەی کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن و خاڵە بەهێزو لاوازەکان ڕوندەکاتەوە.

بابەتی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (٢٠١٨-٢٠١٣)مان هەڵبژاردوە بۆ لێکۆڵینەوە کە زۆر لە پسپۆرانی جوگرافیای سیاسی پێیانوایە لێکۆلینەوە لە جوگرافیای هەڵبژاردن بەتایبەتی لەمڕۆدا بۆتە پێویستییەکی سەردەمییانە هەر ئەمەش وای کردوە هەڵبژاردن ببێتە جێگای بایەخی پسپۆران و لێکۆلەرانی بواری هەڵبژاردن چونکە هەڵبژاردن ڕۆڵی سەرەکی لەسەر ئاستی دەسەڵاتی سیاسی و یاسای دەبێت"بۆیە لێکۆڵینەوە لەم بابەتە گرنگی و بەهای سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی هەیە پێویستی بە بەدواداچونی زانستی هەیە.

## گرنگی لێکۆڵینەوەکە:

گرنگی و بایەخی ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوە لەوەدا دەردەکەوێت، کە باسی بابەتێکی گرنگی وەکو هەڵبژاردن و هەمو ئەو هۆکارانەی کە کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان شیکردنەوە و بەراوردکردنی ئەنجامی لیستە سەرکەوتوەکان بۆ هەر خولێکی هەڵبژاردن، و شیکردنەوەی دابەشبونی ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی دەنگدەران و بەشداربوان، دەرخستنی کەموکورتییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن.

## ئامانجی لێکۆڵینەوە:

ئامانج لەم لێکۆڵینەوە ڕونکردنەوەی دەرئەنجامی هەردو خولی هەڵبژاردن بەڕوانینێکی جوگرافیانە، زانینی ژمارەی دەنگی لیستە سەرکەوتوەکان بەپێی پارێزگا و گۆڕانی نەخشەی هەڵبژاردنی لیستەکان لە نێوان هەردو خول، چۆنیەتی بەڕێوەچونی پرۆسەی هەڵبژاردن دەستنیشانکردنی کەموکورتییەکان.

## میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوە پشت بەمیتۆدی شیکاری و میتۆدی ڕوپێوی لەم ڕوانگەیەوە پشت بە چەندین سەرچاوەی جوگرافی و ئاماری فەرمی دەزگای هەڵبژاردن.

## پلانی لێکۆڵینەوەکە:

هەمو لێکۆڵینەوەیەک پێویستی بە پلانەکی تۆکمە هەیە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی ورد لەم لێکۆڵینەوە پێکهاتوە لە سێ بەش و دەرئەنجام لەخۆدەگرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

بەشی یەکەم شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی چوارەم پەرلەمانی کوردستان ساڵی (٢٠١٣) باسی یەکەم لیستە کێبرکێکارەکان بۆ کورسی گشتی باسی دوەم لیستە کێبرکێکارەکان بۆ کورسی کۆتاکان بەشی دوەم شیکردنەوەیەکەی جوگرافی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ساڵ(٢٠١٨) باسی یەکەم لیستە کێبەرکێکارەکان بۆ کورسی گشتی باسی دوەم لیستە کێبەرکێکارەکان بۆ


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

کورسی کۆتاکان، بەشی سێیەم گۆڕان لە قەبارە و نەخشەی دەرئەنجامەکانی هەردو خولی هەڵبژاردەکانی (٢٠١٣-٢٠١٨) پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.

## بەشی یەکەم

## شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان(2013/9/21)

سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (50) 2013/4/18 ڕۆژی 2013/9/21 دیاریکرد، وەکو کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان تیایدا لیستە جیاوازەکان کە (31) لیست پێشبرکی دەکەن بۆ (111) کورسی پەرلەمان لە ئەنجام دا (17) لیست توانیان سەرکەوتن بەدەست بێنن.

**باسی یەکەم: لیستە کێبەرکێکارەکان بۆ کورسی گشتی**

دابەشبونی جوگرافیای لیست و قەوارە سیاسییەکان لە هەڵبژاردنەکان یەکێکە لە کارە لە پێشینەکانی لێکۆڵینەوە جوگرافیەکانی جوگرافیایی سیاسی دیاریکردنی قەبارەی ئەو لیست و هاوپەیمانیانەی کە دەبەسترێت بۆ بەشداری کردنی پرۆسەی هەڵبژاردن قورسایی هەر هێزو لایەنێک لە ناوچەیەک یاخود چەند ناوچەیەک دەردەخات.

لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ کورسی گشتی (19) لیست چونە کێبرکێ هەڵبژاردنەکان لەکۆتاییدا هەر لیستە بەپێی دەرئەنجامی کۆتای توانی بەشێک لە دەنگی هاوولاتیان بە دەستبێنێ، لە ئەنجامدا (9) لیست لە کێبەرکێەکی توندا توانیان (1.931.943) دەنگ بەدەستبهێنن بەرێژەی(99%) کۆی دەنگی کورسی گشتی بەدەست بهێنێ بەبەهای(100) کورسی پەرلەمان وەکو لەخشتەی ژمارە(1) دیارە.

**خشتەی ژمارە (1)**

**ژمارە وڕێژەی لیستە بەشداربووەکان بۆ کورسی گشتی بەپێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان(2013/9/21)**

| ناوی لیست | ژمارەو ڕێژەی دەنگ بەپێی پارێزگا | | | | | | | | سەرجەم | | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دهۆک | | هەولێر | | سلێمانی | | پارێزگاکانی تر | | ژ. | % | ژ | % |
| | ژ. | % | ژ. | % | ژ. | % | ژ. | % | | | | |
| بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/عیراق | 1.508 | 0.34 | 5.786 | 0.87 | 14.518 | 1.73 | 22 | 0.43 | 21.834 | 12.1 | 1 | 1 |
| یەکیتی نیشتمانی کوردستان | 27.583 | 6.28 | 103.852 | 15.57 | 218.208 | 25.95 | 857 | 16.58 | 350.500 | 96.17 | 18 | 18 |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی راپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان-عیراق | 3.475 | 0.79 | 50.523 | 7.58 | 64.538 | 7.68 | 38 | 0.73 | 118.574 | 6.07 | 6 | 6 |
| یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان | 55.410 | 12.62 | 47.149 | 7.07 | 84.043 | 10 | 139 | 2.69 | 186.741 | 9.57 | 10 | 10 |
| لیستی ئازادی | 1.401 | 0.32 | 5.356 | 0.8 | 5.629 | 0.67 | 6 | 0.11 | 12.392 | 0.63 | 1 | 1 |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | 331.530 | 75.48 | 323.304 | 48.47 | 85.459 | 10.16 | 3.691 | 71.42 | 743.984 | 38.11 | 38 | 38 |
| لیستی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان | 638 | 0.15 | 1.339 | 0.2 | 10.510 | 1.25 | 14 | 0.27 | 12.501 | 0.64 | 1 | 1 |
| ئاراستەی سێیەم | 444 | 0.1 | 4.232 | 0.63 | 4000 | 0.47 | 5 | 0.1 | 8.681 | 0.44 | 1 | 1 |
| بزوتنەوەی گۆران | 13.776 | 3.14 | 116.699 | 17.5 | 345.892 | 41.14 | 369 | 7.14 | 476.736 | 24.42 | 24 | 24 |
| حیزبەکانی تر | 3.443 | 0.87 | 8.714 | 1.31 | 7.966 | 0.95 | 27 | 0.95 | 20.150 | 4.08 | 0 | 0 |
| کۆی گشتی | 439208 | 100 | 666.954 | 100 | 840.463 | 100 | 5.168 | 100 | 1.952.093 | 100 | 100 | 100 |

سەرچاوە:کاری توێژەر بە پشت بەست بە
ئەحمەد ڕفیق کریم، جوگرافیای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەیەک لەجوگرافیای ڕامیاری، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان،٢٠١٩،لا165.

## 1. لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان:

یەکێکە لە لیستە براوەکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان براوەی یەکەمی ئەم هەڵبژاردنە بو بە لیستی ژمارە (110) بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی کرد توانی(743.984) دەنگ بە دەستبێن(کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن وراپرسی https://khec.krd ) (38.5%) کۆی گشتی لیستە سەرکەوتوەکانی هەرێمی کوردستان بەدەستهێنا، کە دەکاتە (38) کورسی پەرلەمانی لە کۆی(100) کورسی هۆکاری بەدەستهێنانی پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ بونی ماوەی دەسەڵاتی حوکمرانی سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بونی چەندان وەزارەتی گرینگ ئەمە پاڵنەرێکی گرینگە بۆ کۆکردنەوەی دەنگی زیاتر بۆ لیستەکە کۆبکاتەوە. ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە بونی سەروەت وسامانی زۆر کە لەلای ئەم لیستە کۆبۆتەوە، کە دەتوانێت ببێتە پاڵنەرێک، بۆ بەکارهێنانی پشتگیری خەلک بانگەشەیەکی تێروپڕی هەڵبژاردن


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

بەڕێوەبەرێت، و پیشكەشكردنی خزمەتگوزاری لە پارێزگای هەولێر و دهۆک هەر لەڕێگاوبان دروستكردنی هەلی كار پیشكەشكردنی خزمەتگوزاری هۆكارێكە بۆ هێنانی ئەم ڕێژە دەنگە، جگەلە بونی سەختەكاری و ترساندن .....هتد.

به سەیركردن لەخشتەی ژمارە (1) دەبینین لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان لەپارێزگای هەولێر(323.304) دەنگ و ڕێژەی(43.46%) دەنگی لیستە سەركەوتوەكانی بەدەستهێناوە بە بەهای(17) كورسی لە پارێزگای سلێمانی(85.459) دەنگی بە ڕێژەی(11.48%) دەنگی لیستە سەركەوتوەكانی بەدەستهێناوە بەبەهای(4) كورسی لەپارێزگای دهۆكیش بەرزترین ڕێژەی دەنگ كە ئەم لیستە بەدەستهێناوە كە (331.530) دەنگ بە ڕێژەی(44.56%) دەنگ لیستە سەركەوتوەكان بەبەهای(17) كورسی دەنگی پارێزگاكەی بەدەستهێناوە، لە پارێزگاكانی تری عێراق(3,691) دەنگی بە ڕێژەی(0.5%) كۆی دەنگی لیستە سەركەوتوەكانی بەدەستهێناوە.

ڕێژەی دەنگی بەرز (پاڵپشتی بەهێز) لە هەڵبژاردنی خولی چوارەم لە پارێزگای دهۆک زۆرترین ڕێژەی دەنگی لەسەر ئاستی هەر سێ پارێزگاكەی هەرێمی كوردستان بەدەستهێناوە بەڕێژەی (44.56%) دەنگ بەدەستبهێنی بە بەهای (17)كورسی پەرلەمانی كە باشترین ناوچەی پاڵپشتی بۆ ئەم لیستە بوە. هۆكاری پاڵپشتی بەهێزی لەم پارێزگایە دەگەڕێتەوە بۆ بونی مێژوەكی دور و درێژ لە كاری بەڕێوەبردن لەم ناوچەیە (فاتیح سەنگاوی) ڕێژەی دەنگی مام ناوەند (پاڵپشتی مام ناوەند)ئەم لیستە لەپارێزگای هەولێر ڕێژەی (43.46%) دەنگەكانی بەدەستهێناوە ئەمەش پاڵپشتی مام ناوەندی ئەم لیستە لەم پارێزگایەیە كە بەبەهای (17) كورسی پەرلەمانی هۆكاری پاڵپشتی مام ناوەند لەم پارێزگایە دەگەڕێتەوە بۆ بونی پرۆژەی خزموتگوزاری لەم پارێزگایە پێشكەشكردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری. ڕێژەی دەنگی لاواز (پاڵپشتی لاواز) پارێزگای سلێمانی لەم هەڵبژاردنە پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستەیە بەڕێژەی (11.48%) دەنگ پاڵپشتی ئەم لیستەی كردوە.

### 2. لیستی بزوتنەوەی گۆڕان:

بزوتنەوەی گۆڕان بە لیستی ژمارە (117)بەشداری هەڵبژاردنی خولی چوارەمی كرد توانی(476.736) دەنگ بەدەست بێنن بە ڕێژەی(24.42%) كۆی دەنگی لیستە سەركەوتوەكانی هەرێمی كوردستانی بەدەستهێناوە كە بەبەهای (24) كورسی پەرلەمانی، ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی پێشو(31.622) دەنگی زیاتر كۆبكاتەوە، ژمارەی كورسیەكانی لە (25) كورسی پەرلەمانی كەمی كرد بۆ(24)(1) كورسی پەرلەمانی كەمی كردوە هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ دابەزینی بەهای كورسییەكان.

بەڕوانین لە خشتەی ژمارە (1) لیستی بزوتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای هەولێر (116.699) دەنگی بەدەستهێناوە بەڕێژەی (24.48%) كۆی دەنگی لیستەكەی بەدەستهێناوە بە بەهای (6) كورسی پەرلەمانی، لە پارێزگای سلێمانی (345.892) دەنگ بەڕێژەی (72.55%) كۆی دەنگی لیستەكەی بەدەستهێناوە بەبەهای (17) كورسی پەرلەمانی، و لەپارێزگای دهۆک (13.776) دەنگ بەڕێژەی (0.08%) كۆی دەنگی لیستەكەیە، لەو پارێزگایە هیچ كورسیەكی بەدەست نەهێناوە هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆرخكاری سیاسی لەلایەن پارتی دەسەڵاتداری ناوچەكە بەرتەسككردنەوەی ئازادییەكان (پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز فاتیح سەنگاوی)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

پارێزگای سلێمانی پالپشتی بەهێزی ئەم لیستەیە توانی (17) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنن بەڕێژەی (17.9%) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتوەکان بەدەستبهێنن و لە پارێزگای هەولێر پالپشتی مام ناوەندی ئەم لیستەیە توانی (6) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنن بەڕێژەی (6.04%) کۆ دەنگی لیستە سەرکەوتوەکان بەدەستبهێنن لەو پارێزگایە و لە پارێزگای دهۆکیش پالپشتی لاوازی ئەم لیستەکەیە کە نەیتوانی بەپێی پێویست دەنگ بەدەستبێنن هیچ کورسیەکی پەرلەمانی نەتوانراوە بەدەستبهێنرێت لەو پارێزگایە.

## 3. یەکێتی نیشتیمانی کوردستان:

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە لیستی ژمارە (102) بەشداری کرد پرۆسەی هەڵبژاردن توانی لەم هەڵبژاردنەدا (350.500) دەنگ بەرێژەی(18.14%) کۆ دەنگی لیستە سەرکەوتوکان بەبەهای (18) کورسی پەرلەمانی بباتەوە دەنگی سێیەمی لیستە سەرکەوتوەکان مسۆگەر بکات، بەبەراورد بەهەڵبژاردنی خولی پێشوی پەرلەمان ژمارەی کورسیەکانی لە (29) کورسی پەرلەمانی بو بە (18) کورسی پەرلەمانی، ئەمەش بەهۆی نەخۆش کەوتنی سکرتێری گشتی و کێشە ناوخۆییەکانی ئەم حیزبە، بەشێکی زۆری دەنگدەرانی پێشوی یەکیەتی باوەڕیان بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری هەبو لەلایەن بزوتنەوەی گۆڕانەوە لەبەرئەوەش دەنگیان بە بزوتنەوەی گۆڕان داوە(کریم،2019،لا170)

لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە پارێزگای هەولێر(103.852) دەنگی بەدەستهێناوە بە ڕێژەی(29.61%) کۆی دەنگی لیستەکە بە بەهای(5)کورسی پەڕلەمانی، و لە پارێزگای سلێمانی توانی (218.208) دەنگ بەدەستبهێنی بە ڕێژەی(62.26%) دەنگی لیستەکە بەبەهای(11) کورسی پەرلەمانی لەپارێزگای دهۆک(27.583) دەنگی پەرلەمانی بەدەستهێناوە بەبەهای (1) کورسی پەرلەمانی.

پارێزگای سلێمانی پالپشتی بەهێزی ئەم لیستەیە کە توانی(11.29%) کۆی دەنگی لیستە براوەکان بەدەستبهێنێ کە (11) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنن، و پارێزگای هەولێر دەنگی ناوەندی ئەم لیستەیە کە توانی (29.63) دەنگەکانی بەبەهای (5) کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنن و لە پارێزگای دهۆکیش پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستەیە توانی (7.87%) دەنگی لیستە براوەکان بەدەستبهێنن بەبەهای (11.11%) کورسیەکانی.

هۆکاری پێگەی لاوازی ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆک دەگەڕێتەوە بۆ سستی ڕێکخستنی ئەم حیزبە لەم دەڤەرە سستی بانگەشەی هەڵبژاردن و پارتی دەسەڵاتدار مێژویەکی دوورودرێژی هەیە لە ناوچەکە ئەمە وای کردوە ژینگەیەک دروستبێ دەرفەتی کەمتر بۆ لایەنەکانی تر برەخسێ لە بەرەوپێشچون لە ناوچەکە و نەبونی هیچ پۆستێکی حکومی لەناوچەکە بەدەست یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، دروست بونی بزوتنەوەی گۆڕان و بردنی بەشێک لەدەنگەکانی ئەندامانی (کریم، 2019،لاپەڕە 171)

هۆکاری لاوازی ئەم لیستە لە پارێزگای هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ جیابونەوەی بزوتنەوەی گۆڕان لەم پارتە ئەمەش وای کرد بەشێکی زۆری لە دەنگەکانی بۆخۆی بەرێت لەم پارێزگایە و پارتی دەسەڵاتدار بەجۆرێک خزمەتگوزاری لەم پارێزگایە پێشکەشکردوە تاڕادەیەک خەلک ڕازین لەڕوی خزمەتگوزاریەوە و نەبونی هیچ دەسەڵاتێکی کردەیەی لەم پارێزگایە ئەمەش هۆکارێکە بۆ بەرەو پێشنەچونی ئەم پارتە و دابەزینی دەنگەکانی،


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

و بێئومێد بونی خەڵک لە گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن یەکیتی و تۆمەتبارکردنی بەتەسلیم بونی پارتی و بێ دەسەڵاتیان لە دەسەڵات و فەرمانگە و دامەزراوە حکومییەکان.

### 4. لیستی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان:

یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان بەلیستی ژمارە (105)بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی کرد توانی(186.741) دەنگی بەدەستبێنێ ناوی بچێتە ناو لیستی پارتە سەرکەوتوەکان بۆ بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمانی توانی (10) کورسی پەرلەمانی کوردستان بەدەستبێنێ کە دەکاتە ڕێژەی(9.67%)ئەم هەڵبژاردنە توانی ژمارەی کورسییەکانی زیادبکات بە بەراورد بە هەڵبژاردنی خولی سێیەم هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ فراوانبونی بەرەی ناڕازی خەڵکی کوردستان و کاندیدکردنی کۆمەڵک بانگخواز کە هۆکاری سەرەکی زیادکردنی دەنگەکانیان بون (کریم ،2019، لاپەڕە 172) بۆ زیاتر بڕوانە نەخشەی ژمارە (1).

لیستی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان لە پارێزگای هەولێر (47.149) دەنگی بەدەستهێناوە بەڕێژەی (25.25%) کۆی دەنگی ئەم لیستە و توانی(3) کورسی پەرلەمان لەم پارێزگایە بەدەستبهێنێ کە دەکاتە (2.44%) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتوەکان لەم پارێزگایە.

لە پارێزگای سلێمانی توانی (84.043) دەنگ بەدەستبێنێت کە دەکاتە ڕێژەی(45.01%) کۆی دەنگی لیستەکە لەسەر ئاستی هەر سێ پارێزگا کە توانی پلەی یەکەم بێنێت لە دەنگی ئەم لیستە کە بەبەهای(4) کورسی پەرلەمانی کە دەکاتە (4.25%) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتوەکان لەم پارێزگایە، و لە پارێزگای دهۆکیش توانی(55.410) دەنگ بەدەست بێنێت کە دەکاتە ڕێژەی(29.67%) دەنگی لیستەکە بەبەهای (3) کورسی پەرلەمان بەڕێژەی (2.87%) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتوەکان.

هۆکاری بەهێزی ئەم لیستە لە پارێزگای سلێمانی کە پاڵپشی بەهێزە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆربەی سەرکردایەتی ئەم حیزبە بە ئەمینداری گشتییەوە خەڵکی ئەم پارێزگایەن و بونی مێژوێکی کۆنی سەرکردە ئیسلامییەکان لەم پارێزگایە و بونی ڕێگایەکی لەبار بۆ کاری حیزبایەتی و ڕێکخستنی ئەو لیستە لەو ناوچەیە

### 5. کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان:

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بە لیستی ژمارە (104)بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی کرد کە توانی بەڕیزبەندی پێنجەم دەنگی حیزبە سەرکەوتوەکان بێنێ کە ژمارەی دەنگەکانی(118.574) دەنگە کە (6) کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا کە دەکاتە (6.14%) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتوەکان سەیری خشتەی ژمارە (1)بکە.

کۆمەڵی ئیسلامی لە پارێزگای هەولێر (50.523) دەنگی بەدەستهێناوە کە دەکاتە ڕێژەی(42.6%) کۆی دەنگی پارتەکە لە تەواوی کوردستان بە بەهای(3) کورسی پەرلەمانییە، و لە پارێزگای سلێمانیش کە دەنگی یەکەمی لیستەکەی بەدەستهێناوە لەسەر ئاستی سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان کە (64.538) دەنگی بەدەستهێناوە بە ڕێژەی(54.43%) دەنگی لیستەکەیە لە هەڵبژاردنەکە بە بەهای(3) کورسی پەرلەمانی، و لە پارێزگای دهۆکیش دەنگێکی کەمی هێناوە کە (3.475) دەنگە بە بەهای(2.93%) کە نەیتوانیوە بگاتە ئاستی پێویستی کورسیەک



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

هەر بۆیە هیچ كورسیەكی پەرلەمانی بەدەستنەهێناوە هۆكارەكەی بۆ نەبونی ڕێكخستنی كاری حیزبی و ڕێكخستنی كاری هەڵبژاردن دەگەڕێتەوە وە جگەلە نەبونی سەركردەی دیاری ئەم ناوچەیە لە ناو پارتە سیاسیە.

### 6. لیستی بزوتنەوەی ئیسلامی كوردستان:

ئەم لیستە بە لیستی ژمارە (101)بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانی كرد لەخولی چوارەم توانی (21.834) دەنگ بەدەست بێنێ كە (1) كورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا كە (1.13%) كۆی دەنگی لیستە سەركەوتوەكانی بەدەستهێناوەكە لە خشتەی ژمارە(1) دیارە.

لیستی بزوتنەوەی ئیسلامی كوردستان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان لە پارێزگای هەولێر (5786) دەنگی بەدەستهێناوە كە دەكاتە ڕێژەی(26.5%) دەنگی ئەم لیستە كە نەیتوانی و لەم پارێزگایە هیچ كورسیەكی پەرلەمان بەدەستبێنێ ئەمەش هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ئەم لیستە لەڕوی ڕێكخستنی كاری حزبیەوە وە بەهێزی دو پارتی ئیسلامی وەك (كۆمەڵی ئیسلامی و یەكگرتوی ئیسلامی) و لەپارێزگای سلێمانی توانیویەتی(14.518) دەنگ بەدەستبێنێ كە دەكاتە (66.49%) كە بەبەهای(1) كورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێ، و لەپارێزگای دهۆكیش (1.508) دەنگی بەدەستهێنا كە نەیتوانی هیچ كورسیەكی پەرلەمان بەدەستبهێنێ.

هۆكاری بێهێزی ئەم پارتە ئیسلامیە لە هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستان بۆ كلاسیكی كاری حیزبایەتی و نەبونی بەرنامەیەكی تۆكمە كە كاریگەری هەبێ لەسەر بۆچونی دەنگدەران و بونی دو لیستی ئیسلامی بەهێزتر مۆدێرنتر لەكاری سیاسی، ئەمەش و چەندان هۆكاری تر كاریگەری هەیە لەسەر نەهێنانی دەنگ و كورسی ئەم لایەنە.

### 7. لیستی سۆسیالیست دیموكراتی كوردستان:

بە لیستی ژمارە (111)بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانی كرد توانی(12.501) دەنگ بەدەستبێنێت بەڕێژەی ( 0.65%) دەنگی لیستە براوەكان بەدەست بێنێ.

ئەگەر لەخشتەی ژمارە (1) بڕوانین دەبینین لیستی سۆشیالیستی دیموكراتی كوردستان لەهەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان لە پارێزگای هەولێر ژمارەی دەنگەكانی (1339) دەنگی بەدەستهێنا بەڕێژەی (10.72) كە نەیتوانی هیچ كورسیەكی پەرلەمانی بەدەست بێنێ و لەپارێزگای سلێمانی توانی (10.510) دەنگ بەدەستبهێنێت بە ڕێژەی(84.07%)ی دەنگەكان توانی(1) كورسی پەرلەمانی لەو پارێزگایە بەدەستبێنێ لە پارێزگای دهۆكیش (638) دەنگی بەدەستهێنا بەڕێژەی(5.1%) كە هیچ كورسیەكی پەرلەمانی لەم پارێزگایە بەدەستنەهێنا، هۆكاری بەدەستهێنانی تەنها یەك كورسی پەرلەمانی ئەم لیستە دەگەڕێتەوە بۆ خراپی بارودۆخی ئابوری نەبونی ڕێكخستنی كاری حیزبی و سستی بانگەشەی هەڵبژاردن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

### 8. لیستی ئازادی:

حیزبی شیوعی کوردستان بەلیستی ژمارە (107)بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی کرد ئەم لیستە توانی (12.292) دەنگ بەدەست بێنێت بەرێژەی (0.64%) کۆی دەنگی لیستە براوەکان کە توانی (1) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێ سەیری خشتەی ژمارە (1)بکە.

لیستی ئازادی لە پارێزگای هەولێر توانیویەتی (5356) دەنگ بەدەستبێنێ بەرێژەی (43.22%) کە نەیتوانیوە هیچ کورسیەکی پەرلەمانی بەدەستبهێنێ لەپارێزگای سلێمانی(5629) دەنگ بەرێژەی(45.42%)بە بەهای یەک کورسی پەرلەمانی لەپارێزگای دهۆکیش(1401) دەنگی بەدەستهێناوە بەرێژەی(11.31%) کۆی دەنگی لیستەکەی بەدەستهێناوە هیچ کورسیەکی پەرلەمانی بەدەستنەهێناوە لەم پارێزگایە لەپارێزگاکانی تر (6) دەنگی بەدەستهێناوە بەرێژەیی (0.05%) دەنگی لیستەکە.

### 9. لیستی ئاراستەی سێیەم:

ئەم لیستە لەهاوپەیمانیەتی هەردو پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان و پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان دروست بو بەلیستی ژمارە (115) بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی کرد کە توانیان(8681) دەنگ و بە بەهای(1) کورسی پەرلەمانی دەنگ بەدەستبهێنێت سەیری خشتەی ژمارە (1)بکە.

ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە (1) بکەین لیستی ئاراستەی سێیەم لە پارێزگای هەولێر (4233) دەنگی بەدەستهێناوە بەرێژەی (48.75%) دەنگی لیستەکە بەبەهای(1) کورسی و لە پارێزگای سلێمانی(4000) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (46.08%) نەیتوانی هیچ کورسیەکی پەرلەمانی لەم ناوچەیە بەدەستبهێنێت، و لە پارێزگا دهۆکیش(444) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (5.11%) دەنگی لیستەکە بەهەمان شێوە لەم پارێزگایەش نەیتوانیوە کورسی پەرلەمانی بە دەستبهێنێ.

## باسی دوەم: لیستە کێبرکێکارەکان بۆ کورسی کۆتاکان

لەم هەڵبژاردنەشدا (11) کورسی تەرخانکرا بۆ پێکهاتەی ئاینی و کەمە نەتەوایەتییەکان کە (8) لیست چونە کێبرکێی هەڵبژاردنەکان.

### 1. پێکهاتەی کلدانی و سیریانی و ئاشوری

لەم هەڵبژاردنە سێ لیستی کلدانی و سریانی و ئاشوری چونە ململانێیەکی توند بۆ بە دەستهێنانی زۆرترین کورسی کە (5) کورسی ئەم پێکهاتەیە تەرخانکرابو بۆ زیاتر ڕونکردنەوە بڕوانە خشتەی ژمارە(2).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

## خشتەی ژمارە (2)

## ڕێژەو ژمارەی دەنگی پێکهاتەی کلدانی و سریانی و ئاشوری بەپێی پارێزگا لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان( 2013/9/31 ) )

| | هەولێر | | سلێمانی | | دهۆک | | پارێزگاکانی تر | | سەرجەم | | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوی لیست | ژمارە | ڕێژە% | ژمارە | ڕێژە% | ژمارە | ڕێژە% | ژمارە | ڕێژە% | ژمارە | ڕێژە% | ژمارە | ڕێژە% |
| ابناء النهرين | 459 | 13.17 | 64 | 6.90 | 570 | 6.78 | 0 | 0 | 1093 | 8.43 | 1 | 20 |
| الرافدين | 1877 | 53.84 | 766 | 82.54 | 3480 | 41.38 | 22 | 15.17 | 6145 | 47.39 | 2 | 40 |
| ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشوری | 1150 | 32.99 | 98 | 10.56 | 4359 | 51.84 | 132 | 84.83 | 5720 | 44.18 | 2 | 40 |
| سەرجەم | 3486 | 100 | 928 | 100 | 8409 | 100 | 145 | 100 | 12968 | 100 | 5 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەست بە (کریم، احمد، جوگرافیای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای ڕامیاری، تێزی دکتۆرا، ٢٠١٩، لا182)

### 1. لیستی گەلی کلدانی سریانی ئاشوری

ئەم لیستە بە ژمارە (127) بەشداری هەڵبژاردنەکانی کرد توانی(5730) دەنگ وریژەی(44.18%) کۆی گشتی دەنگی ئەم پێکهاتەیە بەدەستهێنا توانی (2) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێ هەروەکو لە خشتەی ژمارە (2) دیارە لە پارێزگای هەولێر(1.150) دەنگی بەدەستهێنا(20.7%) دەنگی ئەو لیستەی لەم پارێزگایە کۆکردۆتەوە هیچ کورسیەکی پەرلەمانی بەدەست نەهێنا، پارێزگای سلێمانی (98) دەنگ بەڕێژەی (1.71%) دەنگ کە هیچ کورسیەکی پەرلەمانی بەدەستنەهێنا و لە پارێزگای دهۆکیش توانی(4359) دەنگی بەدەستهێنا کە دەکاتە (76.070%) کە (2) کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا لەکۆی(5) کورسی لە پارێزگاکانی تر(123) دەنگی بەدەست(2.15%)هیچ کورسیەکی پەرلەمانی بەدەستنەهێنا.

### 2. لیستی ڕافیدین

ئەم پێکهاتەیە بە لیستی ژمارە (126)بەژداری پرۆسەی هەڵبژاردنی کرد توانی(6145) دەنگ کۆبکاتەوە، کە دەکاتە (47.39%) دەنگەکان بە بەهای(2) کورسی دەنگ بەدەستبهێنێ، ئەوانەی پاڵپشتی ئەم لیستە دەکەن پێکهاتەی ئاشوری دەنگدەرەکانیان لە ئاینی مەسیحین، بروانە خشەی ژمار(2).

لیستی ڕافیدین لە پارێزگای هەولێر(1877) دەنگی بەدەستهێناوە بە ڕێژەی(30.55%)بە بەهای(1) کورسی پەرلەمانی و لەپارێزگای سلێمانی ئەم لیستە (766) دەنگی کۆکردۆتەوە بەڕێژەی(12.46) کۆی دەنگی لیستەکە کە نەیتوانیوە هیچ کورسیەکی پەرلەمانی بەدەستبهێنێ لە پارێزگای دهۆک توانویەتی (3.480) دەنگ بەدەستبهێنێ بە ڕێژەی (56.63%) دەنگی لیستەکە بە بەهای(1) کورسی پەرلەمانی، بەمەش ناوچەی بەهێزی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

ئەم لیستە پارێزگای دهۆکە کە توانیویەتی زۆرترین رێژەی دەنگەکان لەم ناوچەیە بەدەستبهێنێ، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مام ناوەندی ئەم لیستە بو بە بەهای (30.55%) دەنگەکانی بە بەهای(50%) کورسیەکانی بەدەستهێنا، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بو بەڕێژەی(12.46%) دەنگەکانی ئەم لیستەی بەدەستهێناوە پارێزگاکانیتریش پاڵپشتی زۆر لاوازی پاڵپشتی ئەم لیستەیان کردوە بەڕێژەی (0.36%) دەنگەکانی ئەم لیستەیان پێکهێنا.

### 3. لیستی ئەبناء ئەلنەهرین (ابناء النهرین)

بەلیستی ژمارە (125) بەشداری پرۆسەکەیان کرد کە توانی (1.093) دەنگ بەدەستبهێنێ توانی (1) کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنێ بە ڕێژەی (8.43%) سەیری خشتەی ژمارە (2)بکە.

بە سەیرکردنی خشتەی ژمارە (2)بۆمان ڕوندەبێتەوە کە ئەم لیستە توانیویەتی لە پارێزگای هەولێر(459) دەنگ بەدەستبهێنێ بەڕێژە (41.99%)هیچ کورسیەکی پەرلەمانی لەم پارێزگایە بەدەستنەهێناوە و لەپارێزگای سلێمانی توانیویەتی (64) دەنگ بەدەستبهێنێ بەڕێژەی (5.86%) بۆ دەنگی لیستەکە بەدەست بخات، لە پارێزگای دهۆک زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە ئەویش (570) دەنگ توانی (52.15%) دەنگەکانی لیستەکە بەدەستبهێنێ بە بەهای (1) کورسی پەرلەمان، لە پارێزگاکانی تر هیچ دەنگێکیان بەدەست نەهێناوە، لەوەشەوە بۆمان دەردەکەوێ پاڵپشتی بەهێزی لیستەکە پارێزگای دهۆکە یەک کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێ، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مام ناوەندی لیستەکە یە بە پلەی دوەم دێت، هەرچەندە هیچ کورسیەکی پەرلەمانی بەدەستنەهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی لاوازی لیستەکەیە.

### دوەم: پێکهاتەی تورکمانی

بۆبەدەستهێنانی ئەوبڕە کورسیەی کە دانراوە (٥) لیستی تورکمانی چونە پێشبڕکێ هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەڕلەمانی کوردستان بەمەبەستی چوار لیست توانیان پێشبڕکێیەکە بەرنەوە.

### أ. لیستی بەرەی تورکمانی عێراق

بەلیستی ژمارە (١٢٥)بەژداری پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەڕلەمانی کرد (١٧٥٣) دەنگی بەدەستهێنا بەڕێژەی(١٦،١%) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتوەکانی ئەم بەرەی بەدەستهێنا توانیویەتی(١) کورسی پەڕلەمانی بەدەستبهێنێت


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

**خشتەی ژمارە (٣)**

**ڕێژەو دەنگ و کورسی بەرەی تورکمانی بەپێی پارێزگاکان لەهەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**

| پارێزگا | ژمارەی دەنگ | ڕێژەی دەنگی لیستەکە | کورسی | | ڕێژە بۆ دەنگی لیستەکانی تر |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | ڕێژە % | |
| هەولێر | ١٢٢١ | ٦٩,٦٥ | ١ | ١٠٠ | ١١,٢١ |
| سلێمانی | ٤٩٤ | ٢٨,١٨ | ٠ | ٠ | ٤,٥٢ |
| دهۆک | ٣٨ | ٢,١٧ | ٠ | ٠ | ٠,٣٥ |
| پارێزگاکانی تر | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| کۆی | ١٧٥٣ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١٦,١ |

سەرچاوە:کاری توێژەر بە پشت بەست بە خشتەی ژمارە (2)

بەڕوانین لە خشتەی ژمارە (٢)بکەین دەبینین ئەم لیستە لەپارێزگای هەولێر توانیویەتی (١٢٢١) دەنگ بەدەستبهێنێت بەرێژەی(%٦٩,٦٥)ی دەنگی لیستەکە بەدەستهێنا لەم پارێزگایە بەبەهای (١) کورسی پەرلەمانی لەپارێزگای سلێمانی(٤٩٤) دەنگی بەدەستهێناوە بەرێژەی(%٢٨,١٨)نەیتوانی هیچ کورسیەک لەم پارێزگایە بەدەستبهێنێت لەپارێزگای دهۆکیش توانی(٣٨)بەدەستبهێنێت بەرێژەی(٢،١٧ %)لەم ناوچەیەش نەیتوانی هیچ کورسیەک بەدەست بێنێت.

## ب. لیستی گۆڕان و نوێبونەوەی تورکمانی:

بەلیستی ژمارە (١٢٠)چوە کێبڕکێوە توانی(١٩٢٦) دەنگ بەدەستبهێنێت بەرێژەی(%١٧,٦٨) دەنگی پێکهاتەکان بەبەهای(١) کورسی پەرلەمانی سەیری خشتەی ژمارە (٤)بکە.

**خشتەی ژمارە (٤)**

**ڕێژەو دەنگ و کورسی نوێبونەوەی تورکمانی بەپێی پارێزگاکان کەخولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**

| پارێزگا | ژمارەی دەنگ | ڕێژەی دەنگی لیستەکە | کورسی | | ڕێژە بۆ دەنگی لیستەکانی تر |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | ڕێژە % | |
| هەولێر | ١١٠٣ | ٥٧,٢٧ | ١ | ١٠٠ | ١٠,١٣ |
| سلێمانی | ٧٥٥ | ٣٩,٢ | ٠ | ٠ | ٦,٩٣ |
| دهۆک | ٦٨ | ٣,٤٨ | ٠ | ٠ | ٠,٦٢ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگاکانی تر | ١ | ٠,٠٥ | ٠ | ٠ | ٠ |
| کۆی | ١٩٢٧ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١٧,٦٨ |

سەرچاوە :کاری توێژەر بە پشت بەست بە خشتەی ژمارە (2)

ئەگەر لەخشتەی ژمارە (٤) بڕوانین دەبینین لەپارێزگای هەولێر(١،١٠٣) دەنگی بەدەستهێناوە بەڕێژەی (%٥٧،٢٧) بەبەهای(١)کورسی پەرلەمانی لەپارێزگای سلێمانی(٧٥٥) دەنگ بەڕێژەی(٢, %٣٩) دەنگی لیستەکە بەدەستهێناوە نەیتوانیوە هیچ کورسیەکی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت هەروەها لەپارێزگای دهۆک (٦٨) دەنگی بەدەستهێناوە بەڕێژەی(%٣،٤٨)لەم دەڤەرەش نەیتوانیوە هیچ کورسیەک بەدەستبهێنێ.

پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە پارێزگای هەولێرە بەڕێژەی(%١٠،١٣) دەنگی پێکهاتەکەی بەدەستهێناوە و پاڵپشتی مامناوەند پارێزگای سلێمانی توانیویەتی (%٦،٩٣) دەنگی پێکهاتەکە بەدەستبهێنێت. پارێزگای دهۆک پاڵپشتی لاوازی ئەم پێکهاتەیە کە (%٠،٦٢)ئەم پێکهاتەیەی بەدەستهێناوە.

## ت. لیستی هەولێری تورکمانی:

بەلیستی ژمارە (١٢١)بەژداری هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کرد توانی(١٩٥١) دەنگ بەدەستبێنێت بەڕێژەی (%١٧،٩٣) کۆی دەنگی ئەم پێکهاتەیە توانی بەبەهای(١)کورسی پەرلەمانی بەدەستبێنێت سەیری خشتەی ژمارە (٥)بکە.

**خشتەی ژمارە(٥)**

**ڕێژەو دەنگ و کورسی لیستی هەولێری تورکمانی بەپێی پارێزگاکان لەهەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان(٢٠١٣/٩/٢١)**

| پارێزگا | ژمارەی دەنگ | ڕێژەی دەنگی لیستەکە | کورسی | | ڕێژە بۆ دەنگی لیستەکانی تر |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | ڕێژە % | |
| هەولێر | ١١٥٣ | ٥٩,١٠ | ١ | ١٠٠ | ١٠,٥٩ |
| سلێمانی | ٦١٥ | ٣١,٥٢ | ٠ | ٠ | ٥,٦٥ |
| دهۆک | ١٨٠ | ٩,٢٣ | ٠ | ٠ | ١,٦٥ |
| پارێزگاکانی تر | ٣ | ٠,١٥ | ٠ | ٠ | ٠,٠٣ |
| کۆی | ١٩٥١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١٧,٩٢ |

سەرچاوە :کاری توێژەر بە پشت بەست بەخشتەی ژمارە (2)

لەخشتەی ژمارە (5) دەردەکەوێت کەئەم لیستە لەپارێزگای هەولێر(١١٥٣) دەنگی هێناوە بەڕێژەی(%٥٩،١٠) دەنگ بۆلیستەکەی کۆکردۆتەوە بەبەهای (١) کورسی پەرلەمانی وە لەپارێزگای سلێمانی(٦١٥) دەنگی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

بەدەستهێناوە بەڕێژەی (٣١،٥٢) هیچ کورسیەکی بەدەستنەهێناوە لەو ناوچەیە و لەپارێزگای دهۆکیش(١٨٠) دەنگی کۆکردۆتەوە بەڕێژەی (%٩،٢٣) و لەم دەڤەرەش کورسی بەدەستنەهێناوە.

ئەم لیستە پاڵپشتی بەهێزی پارێزگای هەولێرە کە توانیویەتی (%١٠،٥٩) دەنگکانی بەدەستبهێنێت و پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی مامناوەندە توانیویەتی (%٥٥،٦٠) دەنگەکان کۆبکاتەوە بۆ پێکهاتەکە لەپارێزگای دهۆکیش (%٠،٠٣) پاڵپشتی لاوازە بۆلیستەکە.

## ڤ. لیستی پێشکەوتنی تورکمانی:

بەلیستی ژمارە (١٢٤)چوە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە توانی(٥٢٥٩) دەنگ بەدەستبێنێت بەڕێژەی (%٤٤) دەنگی ئەم پێکهاتەیە بەبەهای(٢) کورسی دەنگی بەدەستهێناوە سەیری خشتەی ژمارە (٦) بکە.

**خشتەی ژمارە (٦)**

**ڕێژەو دەنگ و کورسی لیستی پێشکەوتنی تورکمانی بەپێی پارێزگاکان لەهەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان(٢٠١٣/٩/٢١)**

| پارێزگا | ژمارەی دەنگ | ڕێژەی دەنگی لیستەکە | کورسی | | ڕێژە بۆ دەنگی لیستەکانی تر |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | ڕێژە % | |
| هەولێر | ٤٨٩٨ | ٩٣,١٤ | ٢ | ١٠٠ | ٤٥ |
| سلێمانی | ١٠١ | ١,٩٢ | ٠ | ٠ | ٠,٩٢ |
| دهۆک | ٢٥٥ | ٤,٨٤ | ٠ | ٠ | ٢,٣٤ |
| پارێزگاکانی تر | ٥ | ٠,٠٩ | ٠ | ٠ | ٠ |
| کۆی | ٥٢٥٩ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٤٨,٣ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەست بە خشتەی ژمارە(2)

ئەگەر لە خشتەی ژمارە (٦) بڕوانین دەردەکەوێت ئەم لیستە لەهەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان توانیویەتی لەپارێزگای هەولێر (٤٨٩٨) دەنگ بەدەستبهێنێت بەڕێژەی (%٩٣،١٤) بەبەهای (٢) کورسی پەرلەمانی توانیویەتی زۆرترین دەنگ لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەدەستبخات و پارێزگای سلێمانی توانی (١٠١) دەنگ بەدەستبهێنێت بەڕێژەی(%٠،٩٢) نەیتوانی هیچ کورسیەکی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت لەپارێزگای دهۆکیش (٢٥٥) دەنگی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت بەڕێژەی (%٤،٨٤) دەنگی لیستەکە و نەیتوانی هیچ کورسیەکی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، پاڵپشتی بەهێزی ئەم پارتە لەپارێزگای هەولێر کە توانی (%٤٥)دەنگی ئەم پێکهاتەیە بەدەستبهێنێت ئەمەیە هۆی ئەوەی زۆرترین ڕێژەی دانیشتوانی ئەم لیستە لەپارێزگاکەیە و پاڵپشتی مامناوەندی پارێزگای دهۆک کە توانیویەتی (%٢،٣٤) دەنگی ئەم پێکهاتەیە بۆ ئەم لیستە بێت پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە پارێزگای سلێمانی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

## سێیەم: پێکهاتەی ئەرمەنی:

ئەم پێکهاتەیە بەئامانجی بردنەوەی کورسی کۆتاکان بەچوار بەشی بەشداری هەڵبژاردنی کرد ئەوانیش (یروانت نیسان مارکۆس امینیان،ارام شاهین داود باکویان،ایشحان ارشان کەیفدرکیان. نویار سیبان عریب قوریان).

**خشتەی ژمارە (٧)**

**ڕێژەو ژمارە و دەنگ و کورسی پێکهاتەی ئەرمەن بەپێی پارێزگا لەهەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان(٢٠١٣/٩/٢١)**

| ناوی لیست | ڕێژەو ژمارەی دەنگ بەپێی پارێزگا | | | | | | | | سەرجەم | | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دهۆک | | هەولێر | | سلێمانی | | پارێزگاکانی تر | | | | | |
| | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % |
| ایشخان ارشاککیفورکیان | ٢٤٤ | ٢٤,٣٨ | ٦٠ | ٣٣,١٥ | ٥٢ | ٢٧,٩٦ | ٠ | ٠ | ٣٥٦ | ٢٦ | | ٠ |
| ارام شاهین داودباکویان | ٢٥٥ | ٢٥,٤٧ | ٣٨ | ٢٠,٩٩ | ٥٦ | ٣٠,١ | ٠ | ٠ | ٣٤٩ | ٢٥,٤٩ | | ٠ |
| نوبار سیبان غریب قوربان | ٤٩ | ٤,٩ | ٤٥ | ٢٤,٨٦ | ٣٨ | ٢٠,٤٣ | ١ | ١٠٠ | ١٣٣ | ٩,٧٢ | | ٠ |
| یروانتنیسان مارکوس امینیان | ٤٥٣ | ٤٥,٢٥ | ٣٨ | ٢١ | ٤٠ | ٢١,٥١ | ٠ | ٠ | ٥٣١ | ٣٨,٧٩ | ١ | ٠ |
| سەرجەم | ١٠٠١ | ١٠٠ | ١٨١ | ١٠٠ | ١٨٦ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١٣٦٩ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ |

سەرچاوە :کاری توێژەر بەپشت بەست بە (کریم، احمد، جوگرافیای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، زانکۆی سلیمانی، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، تێزی دکتۆرا،2019،لا188



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

## ١. لیستی یروانت نیان مارکۆس امینیان:

ئەم لیستە بەژمارە (١٣١) چوە کێبڕکێی هەڵبژاردنەوە توانی بەبەدەستهێنانی(٥٣١) دەنگ و بەبەهای(١) کورس بەدەستهێنا سەیری خشتەی ژمارە (٨) بکە.

**خشتەی ژمارە(٨)**

**ڕێژە و ژمارەی و کورسی لیستی یروانت نیان مارکۆس امینیا بەپێی پاریزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان(٢٠١٣/٩/٢١)**

| پارێزگا | ژمارەی دەنگ | ڕێژەی دەنگی لیستەکە | کورسی | | ڕێژە بۆ دەنگی لیستەکانی تر |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | ڕێژە % | |
| هەولێر | ٣٨ | ٧,١٦ | ٠ | ٠ | ٢,٧٧ |
| سلێمانی | ٤٠ | ٧,٥٣ | ٠ | ٠ | ٢,٩٣ |
| دهۆک | ٤٥٣ | ٨٥,٣١ | ١ | ١٠٠ | ٣٣,١ |
| پاریزگاکانی تر | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| کۆی | ٥٣١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٣٨,٧٩ |

سەرچاوە :کاری توێژەر بە پشت بەست بە خشتەی ژمارە(7)

بەسەیرکردنی خشتەی ژمارە (٨) دەبینین کە ئەم لیستە لەپارێزگای هەولێر (٣٨) دەنگی بەدەستهێناوە بەڕێژەی (٧،١٦%) نەیتوانیوە هیچ کورسیەکی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت و لە پارێزگای سلێمانی (٤٠) دەنگی بەدەستهێناوە بەڕێژەی(٧،٥٣%)لەم ناوچەیە نەیتوانیوە کورسی بەدەستبهێنێ و لە پارێزگای دهۆک(٤٥٣) کورسی پەرلەمانی بەدەستهێناوە بەبەهای(٨٥،٣١%) دەنگ بەبەهای(١) کورسی پەرلەمانی، لەوەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە پاڵپشتی بەهێز پارێزگای دهۆکە بۆئەم و پاڵپشتی مامناوەند پارێزگای سلێمانی و پاڵپشتی لاواز پارێزگای هەولێرە شایەنی ئاماژە پێکردنە ئەو لیستەی تر هیچ کورسیەکی پەرلەمانی بەدەستنەهێناوە بۆیە ناچینە ناو وردەکاری دەنگدانەکە.

## بەشی دووەم: شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان(2018/9/30)

بەپێی مەرســـومی ژمارە (١)ی ســـاڵی(٢٠١٨) ڕۆژی(٣٠/٩/٢٠١٨) دیاریکرا وەک وادە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردســـتان. بەپێی ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆمســـیۆنی باڵای ســـەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرســـی لە هەرێمی کوردســـتان ژمارەی(٣،٠٨٥,٤٦١) هاووڵاتی مافی دەنگدانیان هەبو لەو



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

ژمارەیە تەنها(١,٨٤٥,٩٧٩)هاووڵاتی بەشداری پرۆسەی دەنگدانیان کرد کە ڕێژەی بەشداری هاووڵاتیان(%٥٩)یە کێبەرکێی (٢٩) لیستی جیاواز بەشداریان کرد لە ئەنجامدا(١٦) لیست توانیان کورسی پەرلەمانی بەدەستبێنن. بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری ئەم باسە دابەشمان کردوە بەسەر دو تەوەرە:

## باسی یەکەم: لیستی کێبرکێکارەکان بۆ کورسی گشتی

بەمەبەستی بردنەوەی زۆرترین ڕێژەی کورسی (٢٩) لیست چونە کێبرکێی هەڵبژاردن لەکۆتایدا هەر لیستە بەپێی سەنگی هەڵبژادن و پێگەی جەماوەری توانیان بەشێک لەدەنگی دەنگدەران بەدەست بهێنن، هەروەها لەم خولەی هەڵبژاردنە پرۆسەکە بە یەک بازنە بەڕێوەچو بۆ زانیاری زیاتری دەنگی لیستە سەرکەوتوەکان بڕوانە خشتەی ژمارە(٩). دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی(٨)لیست توانیان کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنن(١,٦٠٨,٨٩٥) دەنگ بەڕێژەی (%٩٩,٤٩) کۆی گشتی دەنگی لیستە بەشداربوەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن توانیان کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنن.

**خشتەی ژمارە(٩)**

**لیست و ژمارە و ڕێژەی دەنگ و کورسی لیستە بەشداربوەکان بەپێی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان**(2018/9/30)

| ناوی لیست | ڕێژەو ژمارەی دەنگ بەپێی پارێزگا | | | | | | | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هەولێر | | سلێمانی | | دهۆک | | هەڵەبجە | | ژمارە | ڕێژە % |
| | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % | | |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٢٩٨٦٠ | ٥٦,٩١ | ٦٢٤٩٢ | ١٠,٧٢ | ٣٢٦٣٩٥ | 74.77 | ٥٢٢٠ | 14.78 | ٤٥ | %٤٥ |
| یەکیتی نیشتیمانی کوردستان | ٩٧٧٢١ | ١٦,٨٦ | ٢١٢٩٣٠ | ٣٦,٥٣ | ٢٥٣٤٢ | 5.80 | ٨٨٥٩ | 24.10 | ٢١ | %٢١ |
| لیستی بزوتنەوەی گۆڕان | ٤٠٦٣٠ | ٧,٠١ | ١٤٨١٥٥ | ٢٥,٤٢ | ٦١١١ | 1.40 | ٥٠٨٤ | 13.83 | ١٢ | %١٢ |


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لیستی کۆمەڵ | ٤٢٦٣٦ | ٧,٣٥ | ٦٤٨٠٢ | ١١,١١ | ٣٠٩٠١ | 7.07 | ٦٥٤٧ | 17.81 | ٧ | %٧ |
| جولانەوەی نەوەی نوێ | ٥٥٠٢٦ | ٩,٤٩ | ٦٣١٨٣ | ١٠,٤٨ | ١٥٥٦٧ | 3.56 | ٣١٣٢ | 8.52 | ٨ | %٨ |
| هاوپەیمانی بەرەی ئیسلامی | ١٣٠٤٩ | ٢,٢٥ | ٣٠٤٨٥ | ٥,٢٣ | ٣٢١٨٢ | 7.37 | ٧٩١٠ | 21.52 | ٥ | %٥,١٩ |
| لیستی سەردەم | – | – | – | – | – | – | – | – | ١ | ٠,٩٥ |
| لیستی ئازادی | – | – | – | – | – | – | – | – | ١ | ٠,٥٠ |
| کۆی گشتی | 578922 | ١٠٠ | 04٥٨٢7 | ١٠٠ | 436498 | ١٠٠ | 36752 | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە:کاری توێژەر بە سودوەرگرتن لە: أ-کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی () https://www.khec.krd.ب-کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، ناوەندی هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، ڕاپۆرتی بلاونەکراوە بی ژ.ل.

### ١. لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان

ئەم لیستە لەم هەڵبژاردنە بەلیستی ژمارە (١٨٣) بەشداری پرۆسەکەی کرد بەدەستهێنانی (٧٢٣١٩٣) بەڕێژەی (%٤٤,٩٩) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتوەکانی هەرێمی کوردستانە توانی پلەی یەکەم لەسەر ئاستی چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بەدەستبهێنێ.

هۆکاری سەرکەوتونی ئەم لیستە لەم هەڵبژاردنەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی ساختەکاری بەشێوەیەکی زۆر لەلایەن ئەم لیستەوە ئەمە وایکردوە ئەم لیستە دەنگێکی زۆر بێنێت (فاتیح سەنگاوی)

بونی دەسەڵاتێکی فراوان لە تەواوی جومگە هەستیارەکانی حوکمرانی هەرێمی کوردستان ئەمە پاڵنەرێکی بەهێزە تا وێنایەکی گشتی لای بەشێکی زۆری خەڵک دروستبکات لە خزمەتکردنی خەڵک و دانانی سیستەمی هەڵبژاردنەکان لە بەرژەوەندی ئەم لیستە پاڵنەرێکی سەرەکییە بۆ بەدەستهێنای ئەم ڕێژە دەنگە (بلّند شێرزاد) بۆ زانینی و دابەشبونی جوگرافیای دەنگی ئەم لیستە بەڕوانین لە خشتەی ژمارە (٩)بکەین دەبینین دەنگەکانی ئەم لیستە بەم شێوەیە کە دابەشمان -کردوە بەسەر سێ ئاست.

أ.ڕێژەی دەنگی بەرز(پاڵپشتی بەهێز): لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لەپارێزگای هەولێر و پارێزگای دهۆک ڕێژەیەکی زۆری دەنگی بەدەستهێناوە بە ڕێژەی(%٤٥,٦٨) لەپارێزگای هەولێر و(%٤٥,١٩)لەپارێزگای دهۆک باشترین ناوچەی پاڵپشتی بو بۆ ئەم لیستە ئەمەش بەهۆی باڵا دەستی لەڕوی ئیدارییەوە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەڕادەیەکی باش و بونی هەلی کار لە گشت بوارەکان هۆکارە بۆ پێدانی متمانە بەم لیستە. و ئەم



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

لیستە توانویەتی لەپارێزگای هەولێر(٣٢٩٨٦٠) دەنگ بەدەستبهێنێ لەپارێزگای دهۆکیش (٣٢٦٢٩٦) دەنگ بەدەستبهێنێ.

ب.ڕێژەی مام ناوەند: پارێزگای سلێمانی بە پاڵپشتی مام ناوەندی ئەم لیستەی کردوە بەڕادەیەک توانیویەتی بەڕێژەی(٨,٦٥%) هۆکاری کەمی ڕێژەی دەنگەکانی ئەم لیستە دەگەڕێتەوە بۆ بونی لیستە ڕکابەرەکانی هەروەها ئەم پارێزگایە چەقی ململانێیی ئۆپۆزسیۆن و دەسەلاتی ڕابەرایەتی دەنگی دژ بە دەسەلات بەڕێوەدەبات ئەمە وای کردوە پاڵپشتی مام ناوەند بە دەنگێکی کەم هاوکاری ئەم لیستە بن ئەم لیستەش نەبێتە جێگای متمانەی خەڵکی ناوچەکە.

ج.پاڵپشتی لاواز: ئەم لیستە لە پارێزگای هەڵەبجە دەنگێکی کەمیان هێناوە پاڵپشتێکی لاوازی ئەم لیستە بوە کە توانیویەتی(٥٢٢٠) دەنگی بەدەستهێناوە بەڕێژەی(٠,٧٢%)پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بوە ئەمەش بۆ لاوازی کاری ڕێکخستن و بانگەشەی هەڵبژاردن دەگەڕێتەوە کە ئەم لیستە نەیتوانیوە بەپێی پێویست ببێتە جێگای ڕەزامەندی دەنگدەرانی ئەم ناوچەیە و نەبونی هیچ پۆستێکی فەرمی لەم ناوچەیە کە بتوانێت خزمەت بەخەڵک بکات.

## ٢. لیستی یەکیتی نیشتمانی کوردستان

یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بە لیستی ژمارە (١٠٥)بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانی کرد کە توانی (٣٤٤٩٥٢) دەنگی بەدەستهێنا بەڕێژەی(٢١%) کۆ دەنگی لیستە سەرکەوتوەکانی بەدەستهێنا توانی پلەی دوەم بگرێت پێش بزوتنەوەی گۆران بداتەوە ببێتە حزبی دوەم لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

بەسەرنجدان لە خشتەی ژمارە (٩)بدەین دەبینین ئەم لیستە لە پارێزگای هەولێر ژمارەی دەنگەکانی(٩٧٧٢١) دەنگە بەڕێژەی(٢٨,٣٢) کۆ دەنگی لیستەکەی بەدەستهێناوە وە لە پارێزگای سلێمانی(٢١٢٩٣٠) دەنگی بەدەستهێناوە بە ڕێژەی(٦١,٧٢%) پلەی یەکەمی دەنگی پارێزگاکەی بەدەستهێناوە هەروەها لە پارێزگای دهۆک توانیویەتی (٢٥٣٤٢) دەنگ بەدەستبێنێ بە ڕێژەی (٧,٣٤%) و لە پارێزگای هەڵەبجەش (٨٨٥٩) دەنگ بە دەستبێنێ بە ڕێژەی (٢,٥٦%) کەواتە لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە تەواوی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان توانی ڕێژەی دەنگەکانی بەرزبکاتەوە بۆ پلەی دوەم پێش بزوتنەوەی گۆڕان بکەوێتەوە کە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردو توانیبوی پلەی دوەم دەنگی لیستە براوەکان بەدەستبهێنێ کە کۆی دەنگەکانی لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان(٣٤٤٩٥٢) دەنگ.

دەنگی ئەم لیستە دابەشی سەر سێ ئاستی بکەین لە پارێزگاکان بەم شێوەیە:

أ.ڕێژەی دەنگی بەرز(پاڵپشتی بەهێز): لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی ڕێژەیەکی زۆری دەنگی بەدەستهێناوە (٦١,٧٢%) کۆی دەنگی لیستەکەیە، ناوچەی پاڵپشتی بەهێز بوە لەم هەڵبژاردنە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵک ناڕازی بون لە ئەدای کاری سیاسی بزوتنەوەی گۆران بەهۆی چونە ناو حکومەت و نەیتوانی وەکو پێویست دەنگە ناڕازییەکان کۆبکاتەوە ئەمە بوە هۆی پەرتبونی دەنگی ناڕازی بەشێکیان دەنگیان بە یەکیەتی نیشتمانی کوردستان داوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

ب.ڕێژەی دەنگی ماناوەند(پاڵپشتی مام ناوەند): لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پارێزگای هەولێر بە پاڵپشتی مام ناوەند ئەم لیستەی کردوە توانیویەتی(٢٨,٣٢%) دەنگ بە دەستبهێنی ئەمەش بۆ هۆکاری بونی لیستێکی بە هێزی وەک پارتی دیموکراتی کوردستان بونی دەسەڵاتی ڕەها لە پارێزگاکە، هۆکارێکە بۆ کەمی دەنگ هێنانی لەم پارێزگایە و نەبونی پۆستی حکومی پەیوەست تا بتوانێ خزمەتی خەڵکی پێبکات سەرەڕای بونی خزمەتگوزاری زۆر لە پارێزگاکە لەلایەن حیزبی دەسەڵاتدار ئەمانە هەموی هۆکارن بۆ پاشەکشێی دەنگی ئەم لیستە لەم پارێزگایە.

ج.ڕێژەی دەنگی لاواز(پاڵپشتی لاواز):لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پارێزگای دهۆک و پارێزگای هەڵەبجە دەنگی کەمینەی هێناوە پاڵپشتیەکی لاوازی ئەم لیستەیە ئەمەش لە پارێزگای دهۆک بەڕێژەی (٧,٣٤%) لەپارێزگای هەڵەبجە (٢,٥٦%) دەنگی بەدەستهێناوە پاڵپشتیەکی لاوازی ئەم لیستەن.

## ٣. بزوتنەوەی گۆڕان

بزوتنەوەی گۆڕان بە لیستی ژمارە (١٤٨)بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بکات، کە توانی (١٩٩٩٤٤) دەنگ بەدەستبهێنێ بە ڕێژەی (١٢%) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتوەکانی هەرێم (١٢) کورسی پەرلەمانی بە دەستهێنا سەیری خشتەی ژمارە (٩)بکە.

لیستی گۆڕان لە پارێزگای هەولێر(٤٠٦٣٠) دەنگی بەدەستهێناوە بەڕێژەی (٢٠,٣٢%) لە پارێزگای سلێمانی زۆرترین ڕێژەی دەنگ بەدەستهێنا لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کە (١٤٨١٥٥) دەنگ بە ڕێژەی(٧٤,٠٩%) دەنگی لیستەکەی بە دەستهێنا لە پارێزگای دهۆکیش بزوتنەوەی لیستی گۆڕان(٦١١١) دەنگی بە دەستهێناوە بە ڕێژەی(٣,٠٥%) دەنگی بە دەستهێناوە وەلە پارێزگای هەڵەبجەش(٥٠٨٤) دەنگی بە دەستهێنا بە ڕێژەی(٢,٥٤%) دەنگی لیستەکەی بە دەستهێناوە.

بە سەیرکردنی خشتەی ژمارە (٩) بۆمان دەردەکەوێت کە دەنگی لیستی گۆڕان دابەشدەبێ بە سەر سێ ئاستی کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە

أ.ڕێژەی دەنگی بەرز(پاڵپشتی بەهێز):لیستی گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی ڕێژەیەکی بەرزی دەنگی لیستەکەی بە دەست هێناوە پاڵپشتیەکی بە هێزی لیستەکەیە ئەم پارێزگایە کە بەڕێژەی(٧٤,٠٩%) دەنگی بە دەستهێناوە، هۆکاری بەرزی ئەم ڕێژەیە بۆ ئەم لیستە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆربەی سەرکردەکانی سەر بەم پارێزگایەن و سروشتی ئەم ناوچەیە و خەڵکەکەی وایە زۆربەی بزوتنەوەی سیاسیەکان لەم دەڤەرە سەری هەڵداوە و نارەزایەتی و لانکەی بە گژداچونەوەی ڕژێمە یەک لەدوایەکەکان وەگرتنە باوەشی ئەو نارەزاییانەی کە لە لایەن ئەم لیستەوە بەرگری لێوەدەکرا(فاتیح سەنگاوی)

ب.ڕێژەی دەنگی مام ناوەند(پاڵپشتی مام ناوەند):پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مام ناوەندی ئەم لیستە بو بە ڕێژەی(٢,٣٢%) دەنگی لیستەکە بە دەستبهێنێ هۆکاری پاڵپشتی مام ناوەند لەم پارێزگایە دەگەڕێتەوە بۆ باڵادەستی پارتی دەسەڵات پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکی زۆر لەلایەن نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و کەمی ئازادی ڕادەربرین لەم دەڤەرە بەڕادەیەک ڕێگا لە بەردەم لیستەکە تەسک دەکرێتەوە کە بەشێوەیەکی ئازادانە بانگەشە نەکات یاخود کاری ڕێکخستن بکات.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

ج.ڕێژەی دەنگی لاواز(پاڵپشتی لاواز):لیستی گۆڕان لە پارێزگای دهۆک و پارێزگای هەڵبجە دەنگی کەمی بەدەستهێناوە بەڕادەیەک لە پارێزگای دهۆک ڕێژەی(٣,٠٥%)لە پارێزگای هەڵبجە (٢,٥٤%) دەنگی بە دەستهێناوە کەواتە دەنگی کەمیان هێناوە لەم دو پارێزگایە پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بونە هۆکاری لاوازی پاڵپشتی لەم لیستە لەم دو پارێزگایە ئەوەیە کە لەپارێزگای دهۆک کاری ڕێکخستنی لاوازبو لە بانگەشەی هەڵبژاردن، نەبونی سەرکردەی ئەم دەڤەرە لە ناو بزوتنەوەکە وە هەر لەسەرتای دروستبونی بزوتنەوەکە پێگەیەکی لاوازی هەبو لە ناوچەیە لەم دەڤەرە سەرەڕای نەبونی بارودۆخێکی ئازاد بۆ کاری سیاسی نەرەخساندنی ژینگەیەکی دیموکراسی لەلایەن پارتی دەسەڵات و دانانی بەربەست و دروستکردنی گرفت بۆ بۆ هێزی سیاسی بیروڕای جیاواز، سەبارەت بە پارێزگای هەڵبجە بەهۆی ململانێی توند لەگەڵ لیسی یەکێتی نیشتمانی سەر ئەنجام نەیتوانیوە بێتە جێی ڕەزامەندی دەنگدەران، سەرباری بونی کۆمەڵێک سەرکردەی ئیسلامی لەم ناوچەیە ڕەخساندنی ژینگەیەکی ئیسلامی زۆربەی دەنگی دەنگدەران لەم هەڵبژاردنە دەنگ بە ئیسلامی بدەن (فاتیح سەنگاوی).

### ٤. لیستی جوڵانەوەی نەوەی نوێ

جوڵانەوەی نەوەی نوێ بۆ یەکەم جار وەکو لیستێکی تازە دروستبو بۆ یەکەم جار بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی بکات ئەم جوڵانەوەیە لە لیستی ژمارە (١٣٤) بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان کرد کە توانی (١٣٦٩٠٧) دەنگی بە دەستبهێنێت بە ڕێژەی(٨,٥٠%) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتوەکانی بە دەستبهێنێ توانی پلەی چوارەم بەدەستبهێنێ.

بەڕوانین لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی جوڵانەوەی نەوەی نوێ دەبینین دەنگی لیستەکە دابەشدەبێ بەسەر سێ ئاست:

أ.پاڵپشتی بەهێز(ڕێژەی دەنگی بەرز): لیستی جوڵانەوەی نەوەی نوێ وەک یەکەم جار بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی کرد لە پارێزگای سلێمانی ڕێژەی دەنگەکانی(٤٦,١٥%) دەنگی بە دەستهێناوە بۆتە پاڵپشتی بەهێزی لیستەکە توانیویەتی زۆرترین دەنگی لیستکە لەم پارێزگایە بە دەستبهێنێ ئەمەش بەهۆی هەڵگرتنی دروشمی نارەزایی خەڵک هێنانە پێشەوەی کۆمەڵێک دروشمی مۆدێرن و پەیداکردنی متمانەی بەشێک لە هاووڵاتیان.

ب.پاڵپشتی مام ناوەند(ڕێژەی دەنگی مام ناوەند): لیستی جوڵانەوەی نەوەی نوێ لە پارێزگای هەولێر توانیویەتی پاڵپشتی مام ناوەندی ئەم لیستە بێ بە ڕێژەی(٤٠,١٩%).

ج. پاڵپشتی لاواز(ڕێژەی دەنگی نزم): ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆک بە ڕێژەی(٢,٢٨%)هەڵبجە و (١١,٣٦%) دهۆک دەنگی بە دەست بهێنێ پاڵپشتی لاوازی لیستەکە بن، هۆکاری لاوازی ئەم لیستە بۆ نەبونی ڕێکخستنی بانگەشەی هەڵبژاردن دەگەڕێتەوە.

### ٥. لیستی کۆمەڵی ئیسلامی

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بە لیستی ژمارە (١٩٤)بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان کرد توانی(١١٧,٨٨٦) دەنگ(٧,٣٢%) دەنگی لیستە سەرکەوتوەکان بەدەستهێنا توانی پلەی پێنجەم بەدەستبهێنێ.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە (٩)بکەین دەبینین لیستی کۆمەڵی ئیسلامی لە پارێزگای هەولێر (٤٢٦٣٦) دەنگی بەدەستهێناوە بەڕێژەی(%٣٦,١٦) کۆی دەنگی لیستەکی بە دەستهێناوە، لە پارێزگای سلێمانی(٦٤٨٠٢) دەنگ بەڕێژەی(%٥٤,٩٧) کۆی دەنگی لیستەکە لەپارێزگای دهۆک(٣٩٠١) دەنگی بەدەستهێناوە بەڕێژەی(%٣,٣٠)لە پارێزگای هەڵەبجە توانیویەتی (٦٥٤٧) دەنگ بەدەستبهێنێ بەڕێژەی(%5.53)

ئەگەر سەیری ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵی ئیسلامی بکەین دەبینین دەنگی لیستەکە دابەش دەبن بەسەر سێ ئاست

أ. ڕێژەی دەنگی بەرز(پاڵپشتی بەهێز): لیستی کۆمەڵی ئیسلامی لە پارێزگای سلێمانی ڕێژەی زۆری دەنگی بەدەستهێناوە کە (%٥٤,٩٧)باشترین ناوچەی پاڵپشتی بەهێزە ئەمەش بەهۆی هەڵکەوتەی ناوچەکە کە پڕە لە جمجۆلی سیاسی کە زۆربەی لیستەکانی براوە پلەی یەکەمی دەنگەکانیان لەم پارێزگایە ئەمەش بە حاڵەتێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ لیستی کۆمەڵی ئیسلامی.

ب.ڕێژەی دەنگی مام ناوەند (پالپشتی مام ناوەند): پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مام ناوەندی ئەم لیستەیە بە ڕادەیەک توانیویەتی(%٣٦,١٦) ڕێژەی دەنگی لیستەکە بەدەستبهێنن، ئەمەش بەهۆی پارێزگاکە لە سۆزێکی ئاینی زاڵترە و لیستەکە لیستێکی ئاینیە توانیویەتی ڕێژەیەک لە دەنگی دەنگدەران بەدەستبهێنێ ببێتە جێگای متمانەی خەڵکی دیندار.

ج.پاڵپشتی لاواز(ڕێژەی دەنگی لاواز)ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆک و هەڵەبجە بەڕێژەی(%٣,٣٠)، (%٥,٥٣) دەنگی لیستەکە بەدەستبهێنێ بە پاڵپشتی لاوازی لیستەکە بون ئەمەش بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە لە پارێزگای دهۆک لیستەکە نەبونی سەرکردەی سیاسی لەم ناوچەیە و لاوازی کاری ڕێکخستن و بونی لیستێکی تری ئیسلامی بەهێز کە یەکگرتوی ئیسلامی کوردستانە، وتاری سیاسیان لە لیستی کۆمەڵی ئیسلامی بەهێزترە وە مێژوێکی دور و درێژیان هەیە لەچاو کۆمەڵی ئیسلامی لە پارێزگای هەڵەبجەش هەرچەندە سەنتەری کاری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان پەیدابونی کاری ئیسلامی لەم دەڤەرە سەرچاوەی گرتوە، بەڵام بەهۆی بونی چەند پارتێکی ئیسلامی بویتە هۆی کاربکاتە سەر دەنگی ئەم لیستە.

### ٦. هاوپەیمانی بەرەی ئیسلاح

ئەم لیستە لەم هەڵبژاردنە بە لیستی ژمارە (١١٩) بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنیان کرد توانی(٨٣٦٢٧) بەڕێژەی (%٥،١٩) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتوەکانی بەدەستهێنا توانی پلەی شەشەم بگرێت لە لیستی براوەکانی ئەم هەڵبژاردنە بە بردنەوەی(٥) کورسی پەرلەمانی، لیستی هاوپەیمانی بەرەی ئیسلامی کوردستان پێکهاتبون لە یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان، بۆهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان خولی پێنجەم ئەم هاوپەیمانیەتیان پێکهێنا.

بەڕوانیین لە خشتەی ژمارە (٩) دەبینین لیستی هاوپەیمانی بەرەی ئیسلامی لە پارێزگای هەولێر(١٣,٤٩) دەنگی بەدەستهێناوە بە ڕێژەی(%٣٨,٤٨) دەنگی لیستەکە و لە پارێزگای سلێمانی(٣٠٤٨٥) دەنگ بەڕێژەی (%٣٨,٤٨) دەنگی لیستەکە ولە پارێزگای دهۆک (٣٢١٨٢) دەنگی بەڕێژەی (%٣٨,٤٨) دەنگی لیستەکە، و لە پارێزگای هەڵەبجە (٧٩١٠) دەنگی بەدەستهێناوە بەڕێژەی(%٩,٤٥)ی دەنگی لیستەکە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

دەنگەکانی هاوپەیمانی بەرەی ئیسلاح دابەش دەبێت بەسەر سێ ئاست ئەمانەی خوارەوەن:

أ.ڕێژەی دەنگی بەرز(پاڵپشتی بەهێز): پارێزگای دهۆک پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستەیە کە توانی(٣٨,٤٨%) دەنگ بەدەستبهێنێ هۆکاری ئەم ڕێژەیە زۆرە بۆ بەهێزی کاری ڕێکخراوەی دەگەڕێتەوە جگە لەبونی چەند کەسایەتێکی بەهێزی بانگخواز، ئەمەش بۆتە جێگای متمانەی هەندێک لەدەنگدەران.

جگە لە بونی یاخود نیشاندانی وێنایەکی جوانی ئەم لیستە کە تارادەیەک توانیویەتی وێنەی ڕاستەقینەی لیستەکە نیشانی خەڵک بدات (فاتیح سەنگاوی) .

ب.پاڵپشتی مام ناوەند(ڕێژەی دەنگی مام ناوەند): پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی مام ناوەندی ئەم لیستە دادەنرێت بەڕادەیەک توانیویەتی(٣٨,٤٨%) دەنگ بەدەستبهێنێ هۆکاری بەدەستهێنانی ڕێژەی دەنگی مام ناوەند بۆ ئەم لیستە لە پارێزگای سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆبونی ئەو جمجۆلە سیاسیەی کە لە ناوچە هەیە بونی کاندیدی بەهێز سەرکەوتنی لیستەکە کاری ڕێکخستن و کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن، هاوشێوەی لیستەکانی تر ئەم پارێزگایە جێگای گەشەی هەمو فکر و بیرو بۆچونێکە دەبێتەوە.

ج.پاڵپشتی لاواز (ڕێژەی دەنگی نزم): پارێزگای هەولێر و هەڵەبجە هەریەکیان هەولێر بەڕێژەی (١٥,٦٠%)و هەڵەبجە (٩,٤٥) دەنگی لیستەکەیان پێکهێناوە ئەمەش هۆکارێکی بۆ لاوازی وتاری ئەم لیستە بانگەشەی هەڵبژاردن ونەبونی پلانێکی کارا بۆ ڕەزامەندی زۆرترین دەنگ بەدەستبهێنن.

## ٧. لیستی سەردەم:

لیستی سەردەم پێکهاتوە لە هەریەک لە حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکاران و یەکێتی نەتەوەی کوردستان هاوپەیمانیەتی سەردەمیان پێکهێناوە توانیان بە یەک لیست بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیان کرد (دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان https://www.jamawarnews.com).

ئەم پێکهاتەیە بەلیستی ژمارە (١٢٧)بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی کرد توانی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان (١٥٤٣٤) دەنگ و بەڕێژەی(٠,٩٥%) دەنگی لیستە سەرکەوتوەکان بە دەست بهێنێت کە بە بەهای(١) کورسی پەرلەمانی دەنگ بەدەستبهێنێ، لەبەر نەبونی داتا وزانیاری ورد سەبارەت بەم لیستە هەم لەلای کۆمیسیۆن هەمیش لەلایەن خودی لیستەکە نەتوانرا زانیاری دەربارەی ژمارەی دەنگەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکان بەردەست بخەین. سەیری خشتەی ژمارە (٩)بکە.

## ٨. لیستی ئازادی:

ئەم لیستە بە ژمارە (١٦٤)بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کرد توانی(٨٠٦٣) دەنگ بەدەستبهێنێ بەڕێژەی(٠,٥٠%) دەنگی لیستە سەرکەوتوەکانی بەدەستهێنا بەبەهای (١) کورسی پەرلەمانی توانی دەنگ بەدەستبهێنێ سەیری خشتەی ژمارە (٩)بکە.

ژمارە و ڕێژەی دەنگی لیستی ئازادی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان خولی پێنجەم پەرلەمانی کوردستان (2018/9/30).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

## باسی دووەم: لیستە كێبڕكارەكان بۆ كورسی كۆتاكان

لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی(١١) كورسی كۆتا تەرخان كراوە بۆ پێكهاتەی ئاینی و نەتەوەیی ئەوانیش(٥)بۆ مەسیحیەكان(٥) كورسی بۆ توركمانەكان(١) كورسی بۆ ئەرمەنەكان تەرخانكراوە، لەخوارەوە باسی ئەم پێكهاتاتانە دەكەین .

### ١. پێكهاتەی توركمانی

بەپێی داتای فەرمی كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی پێكهاتەی توركمانی(٨) لیست كیبركێیان كرد لەسەر بردنەوەی (٥) كورسی پەرلەمانی لە كۆتایدا(٤)لیست سەركەوتوبون لە بەدەستهێنانی كورسی پەرلەمانی. وەكو لەخشتەی ژمارە (10) دەردەكەوێت.

### أ. لیستی گەشەپێدانی توركمانی

بەلیستی ژمارە (٢١٥)بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی كرد توانی(٣٣١٨) دەنگ بەڕێژەی(%٣٧,٣٩) دەنگی لیستە سەركەوتوەكان بەدەستبهێنن بەبەهای(٢) كورسی پەرلەمانی دەنگی دەنگدەران بەدەستهێنا. پلەی یەكەمی پێكهاتەی توركمانی بۆ هەڵبژاردنەكان ئەم خولە بەدەستهێنا.

### ب. پارتی چاكسازی توركمانی

بە لیستی ژمارە (٢٥٨)بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی كرد بە بەدەستهێنانی(٣١٢٥)بەڕێژەی(%٣٥,٢١) دەنگی پێكهاتەی توركمانی بەدەستهێنا توانی بەبەهای(١) كورسی پەرلەمانی دەنگی دەنگدەران بەدەستبهێنێ توانیویەتی پلەی دووەمی دەنگی پێكهاتەی توركمانی بەدەستبهێنێ.

### ت. لیستی بەرەی توركمانی

بە لیستی ژمارە (٢٧٢)بەشداری پرۆسەكەیان كرد بەبەدەستهێنانی(١٥٤٥) دەنگ بە ڕێژەی(١٧,٤١) كۆی دەنگی لیستە سەركەوتوەكانی پێكهاتەی توركومانی بەدەستبهێنێ بەبەهای(١) كورسی پەرلەمانی توانی پلەی سییەمی ئەم پێكهاتەیە بگرێت.

### ث. لیستی میللەت

بە لیستی ژمارە (٨٨٥)بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی كرد توانی(٨٨٥) دەنگ بەڕێژەی(%٩,٩٧) دەنگی لیستە سەركەوتوەكان بەدەستبهێنێ بەبەهای(١) كورسی پەرلەمانی توانی ببێتە جێگای متمانەی پێكهاتەكە توانی پلەی چوارەمی دەنگی ئەم پێكهاتەیە بەدەستبهێنێ.

### ٢. پێكهاتەی كلدان، سریان، ئاشوری



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

لەم هەڵبژادنەدا(٥) کورسی لیستی کلدانی وسریانی وئاشوری چونە ململانێیەکی توندی هەڵبژاردن بەمەبەستی بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی کە لە (٥) کورسی کۆتایی بۆ ئەم پێکهاتەیە تەرخانکرابو.

**خشتەی ژمارە (١٠)**

**ژمارە وڕێژەی دەنگ و کورسی پێکهاتەی کلدانی وسریانی وئاشوری لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان**(2018/9/30)

| ناوی لیست | ژمارەو ڕێژەی دەنگ بەپێی هەرێمی کوردستان | | کورسی | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % |
| ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی و ئاشوری | ٢٩٦٣ | %٢١,٦٦ | ١ | ٢٠ |
| لیستی ڕافدین | ٢٦٢٦ | %١٩,٢٠ | ١ | ٢٠ |
| هاوپەیمانی یەکیەتی نەتەوەیی | ٨٠٨٨ | %٥٩,١٣ | ٣ | ٦٠ |
| کۆی گشتی | ١٣٦٧٧ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردبەکان و ڕاپرسی

وەکو لە خشتەی ژمارە (١٠) دیارە (٣) لیست توانیان کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنن سەرکەون بۆ پەرلەمان کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

### أ. لیستی هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەی

ئەم هاوپەیمانیە بەلیستی ژمارە (٣٦٨) چوە پرۆسەی هەڵبژاردن توانی(٨٠٨٨) دەنگ بەڕێژەی(%٥٩,١٣) دەنگەکان و(٣) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێ توانی پلەی یەکەم بەدەستبهێنێ لەسەر ئاستی پێکهاتەی کلدانی و سریانی وئاشوری، بۆ ڕونتر بڕوانە خشتەی ژمارە (١٠).

### ب. ئەنجومەنی گەلی کلدانی وسریانی وئاشوری

بەلیستی ژمارە (٣٤٤)چوە پرۆسەی هەڵبژاردن توانی(٢٩٦٣) دەنگ بەڕێژەی(%٢١,٦٦) دەنگەکان و(١) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێ توانی پلەی دوەمی دەنگەکانی ئەم پێکهاتەیە بەدەستبهێنێ سەیری خشتەی ژمارە (١٠)بکە.

### ت. لیستی ڕافیدەین

بە لیستی ژمارە ( ٣٠٦)بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن کرد توانی(٢٦٢٦) دەنگ بەڕێژەی(%١٩,٢٠) دەنگەکان(١) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێ توانی پلەی سێیەمی دەنگەکان ئەم پێکهاتەیە بەدەستبهێنێ بڕوانە خشتەی ژمارە (١٠).

### ٣. پێکهاتەی ئەرمەن



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

شەش کەسایەتی ئەرمەنی بە (٦)لیستی هەڵبژاردن بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنیان کرد بە ئامانجی بردنەوەی کورسیە کۆتایەکەی ئەم پێکهاتەیە ئەوانیش (نوبار سیپان غەریب، ارکان ماکوب بطرس، ئارام بوزو حمو،مراد ماردوس وارتان، بروانت نیسان مارکوس، فاهیک کمال سرنیان)بڕوانە خشتەی ژمارە(١٠).

**خشەی ژمارە(١١)**

**زمان و دەنگ وکورسی پێکهاتەی ئەرمەنی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی کوردستان**
(2018/9/30)

| ناوی لیست | ژمارەو رێژەی دەنگ بەپێی هەرێمی کوردستان | | کورسی | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | رێژە % | ژمارە | رێژە % |
| فاهیک کمال صوغون صوصام | ٦١٥ | %١٠٠ | ١ | ١٠٠ |
| کۆی گشتی | ٦١٥ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن وراپرسی https://www.khec.krd/defau

لیستی کمال صوغون بەلیستی ژمارە (٤٩٧) چوە کێبرکێی هەڵبژاردن توانی بەبەدەستهێنانی(٦١٥) دەنگ بەرێژەی (١٠٠%)کۆی دەنگی ئەو پێکهاتەیە تەنها کورسیە کۆتاییەکانی بۆ خۆی مسۆگەر بکات سەیری خشتەی ژمارە (١١) بکە.

## بەشی سێیەم: گۆڕان لەقەبارەو نەخشەی دەرئەنجامەکانی هەردو خولی هەڵبژاردنەکانی (٢٠١٣_٢٠١٨)پەرلەمانی هەرێمی کوردستان

لێرەدا مەبەستمان لەئاستی گۆڕانکاریە لەنەخشەی هەڵبژاردنی هەردو خول و قەبارەی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەئەنجامی هەڵبژاردنی پرۆسەکەدا ڕویانداوە گۆڕانکاری لەژمارەی کورسی و ئاستی دەنگی لایەنە سیاسیەکان ڕونکردنەوەی ئاستی گۆڕانکاری لەم دو هەڵبژاردنە.

لەهەڵبژاردنی ساڵی(٢٠١٣) لە کۆی (٢،٨١٤،٣٩٩) دەنگدەر (١،٩٣٨،٢٤٦)بەشداری هەڵبژاردنەکانییان کرد و ساڵی(٢٠١٨) لەکۆی (٢،٩١١،٣١٢) دەنگدەر (١٦٨،٨٩٥) هاووڵاتی بەژداری هەڵبژاردنەکەیان کرد بەمەش (٩٨،٩١٣) دەنگدەر زیادی کردوە کە لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا لەهەڵبژاردنی خولی چوارەم رێژەی بەژداری(٥٩،٢%) لەهەڵبژاردنی خولی پێنجەم رێژەی بەژداری(٥٣،١%)جیاوازی نێوانیان دەکاتە (٦،١%-) کەمی کردوە، هۆکاری ئەم کەمبونەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ بێمتمانەیی هاووڵاتیان بەپرۆسەی سیاسی و دروست نەبونی گۆڕانکاری باش نەبونی بارودۆخی گوزەرانی هاووڵاتیان کەمی پرۆژەی خزمەتگوزاری بێموچەی موچەخۆران تێکچونی پەیوەندی حوکمەتی هەرێمی کوردستان وحکومەتی عێراق پەیدابون و سەرهەڵدانی رێکخراوی(داعش)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

هەمو ئەو دەرهاویشتانەی دوای خۆی بەجێ هێشت. ئەگەر سەرنج لەخشتەی هەڵبژاردنەکان بدەین بۆمان دەردەکەوێت کە گۆڕانکاری لەخشتەی هەڵبژاردنەکاندا ڕویانداوە لەخوارەوە شیدەکەینەوە.

مەبەستمان لەدیاریکردن و خستنەڕوی ئەوگۆڕانکاریانەیە کە لەنەخشەی ئەنجامی هەڵبژاردنی سالآنی (٢٠١٣-٢٠١٨) ڕویانداوە لەدەنگی لایەنە سەرەکیەکانی ناوپرۆسەی سیاسی ناوچەی لێکۆڵینەوە ئایا چ لیستێک کورسی زیادکردوە و یاخود کەم کردوە هۆکاری ئەم گۆڕانکاریانە شی دەکەینەوە.

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لەساڵی (٢٠١٣) براوەی یەکەم بوە بەبەدەستهێنانی (٣٨) کورسی بەڕێژەی (٣٨،٣٨%) کۆی دەنگی هاوولآتیانی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوەی لەچەند خولی ڕابردوشدا پارتی دیموکراتی کوردستان سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان بەدەستەوەبوە توانیویەتی تاڕادەیەکی باش بتوانێت خزمەتگوزاری پێشکەشی خەڵک بکات زۆربەی دامودەزگا ڕەسمیەکان بەدەستەوە بوە لەوێوە بتوانن ببنە جێی ڕەزامەندی خەڵک سەرنجی خەڵک بەلای خۆیاندا ڕابکێشن ئەمانە هۆکاربون بۆ سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەم هەڵبژاردنە و لەهەڵبژاردنی ساڵی(٢٠١٨)بەهەمان شێوە پارتی دیموکراتی کوردستان توانی براوەی یەکەم بێ ژمارەی کورسیەکانی زیادی کرد بۆ(٤٥) کورسی واتە توانی (٧) کورسی زیادبکات هۆکاری ئەم زیادبونە دەگەڕێتەوە بۆ بەرزکردنەوەی دروشمی ڕیفراندۆم کە ساڵی(٢٠١٧) لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان بەرزکرایەوە هۆکاربو بۆسەرنج خستنەسەر بابەتی سەربەخۆیی و جولآندنی سۆزی خەڵک بەلای بابەتی نەتەوایەتی و بەرزکردنەوەی دروشمی سەرکەوتن بەسەر ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش و کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتەکەیان سەرکەوتنی پێشمەرگە لەشەڕی دژی داعش وە یەکێکیتر لەهۆکارەکانی زیادبونی کورسی پارتی دیموکراتی کوردستان بونی تەزویرێکی زۆر لە هەڵبژاردنەکانی ئەم هەڵبژاردنە.

بزوتنەوەی گۆڕان لەهەڵبژاردنی ساڵی(٢٠١٣) توانی پلەی دوەم بەدەستبهێنێت بەبردنەوەی(٢٤) کورسی کە توانی پارێزگاری لەپێگەی خۆی بکات لەپلەی دوەم بمێنێتەوە، بەلآم لە هەڵبژاردنی ساڵی(٢٠١٨) بزوتنەوەی گۆڕان ژمارەی کورسیەکانی دابەزی بۆ(١٢) کورسی بەبەراورد بە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠١٣) (١٢کورسی) کەمی کردوە هۆکاری کەمبونەوەی کورسی بزوتنەوەی گۆڕان دەگەڕێتەوە بۆکۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا دامەزرێنەرو ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەکە ئەمە بەپلەی یەکەم هۆکاری کەمبونەوەی کورسیەکانی بو جگەلە هۆکاری بەژداریکردنی بزوتنەوەکە لەحکومەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی و دواتر دەرکردنیان بو لە حکومەت و دواتر بەتەواوی خەڵک بێئومێد بو لەچاکسازی لە بزوتنەوەکە لەهەڵبژاردنی خولی پێنجەم ساڵی(٢٠١٨) بزوتنەوەی گۆڕان چوە پلەی سێیەم یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوە پلەی دوەم .

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەهەڵبژاردنی ساڵی(٢٠١٣)پلەی سێیەمی بەدەستهێنا توانی(١٨) کورسی پەرلەمانی وەربگرێت لەهەڵبژاردنی ساڵی(٢٠١٨) کورسیەکانی زیادبکات بۆ(٢١) کورسی (٣) کورسی زیادبکات ئەمەش بەهۆکاری لاوازبونی بزوتنەوەی گۆڕان چونی بەشێک لەدەنگ و کورسیەکانی بۆ یەکێتی بەشداریکردنی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

هێزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەشەڕی دژی داعش بۆڕاگرتنی هەستی خەڵک قۆستنەوەی کۆچی دوای سکرتێری گشتی ئەوحیزبە (جەلال تاڵەبانی) بۆڕاکێشان و جوڵاندنی هەست و سۆزی خەڵک دروستبونی بۆشایی سیاسی دوای کۆچی دوای نەوشیروان مستەفا لەم ناوچەیە هەلێکی باشبو بۆ هاتنە پێشەوەی یەکێتی نیشتیمانی لەهەڵبژاردنی خولی پێنجەم.

یەککرتوی ئیسلامی کوردستان: لەهەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی ٢٠١٣ توانی (١٠) کورسی پەرلەمانی بەدەستبێنێت لەهەڵبژاردنی خولی پێنجەمی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان توانیان (بەرەی ئیسلامی) پێکبنێن و بەژداری پرۆسەی هەڵبژاردنی ساڵی٢٠١٨ بکەن هاوپەیمانی بەرەی ئیسلامی توانی(٥) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت بەمەش بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی دەنگی یەکگرتوی ئیسلامی زۆر دابەزیوە سەرەڕای بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنێکی تری ئیسلامی لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٣ لیستی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان (١٨٦٧٤١) دەنگی بەدەستهێنا بە بەهای (١٠) کورسی پەرلەمانی لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان(٢١٨٣٤) دەنگی بەدەستهێنا بە بەهای(١) کورسی پەرلەمانی بەدەست هێنا جیاوازی نێوان ئەم دو هەڵبژاردنە(١٠٣,١١٥) دەنگە بە هەردو لیستەکە لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٣(١١) کورسیان هەبوە لە هەڵبژاردنی ساڵی٢٠١٨(٥) کورسی پەرلەمانی بەدەست هێنا بەمەش(٦) کورسی کەمی کرد.

لیستی کۆمەڵی ئیسلامی لەهەڵبژاردنی خولی چوارەم ساڵی ٢٠١٣ (٦) کورسی پەرلەمانی بدەست هێنا گۆڕانکاری لەنەخشەی هەڵبژاردن کردوە توانیویەتی لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٨ خولی پێنجەم (٧) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێ

لیستی سۆسیالیستی و لیستی ئازادی هەڵبژاردنی خولی چوارەم و پێنجەم (١) کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێناوە هیچ گۆڕانێک لەنەخشەی هەڵبژاردن ڕوینەداوە.

لیستی ئاڕاستەی سێیەم لەهەڵبژاردنی خولی چوارەم بەژداری هەڵبژاردنی کرد (١) کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا لەهەڵبژاردنی خولی پێنجەم بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی نەکرد.

جوڵانەوەی نەوەی نوێ لەهەڵبژاردنی خولی پێنجەم بۆیەکەم جار بەشدرای پرۆسەی هەڵبژاردنی کرد توانی (٨) کورسی پەرلەمانی بەدەست بێنێت.

یەککرتوی ئیسلامی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان لەهەڵبژاردنی خولی پێنجەم بەیەک لیست دابەزین بەناوی هاوپەیمانی بەرەی ئیسلامی توانیان ٥ کورسی پەرلەمانی بەدەست بێنن.

**خشتەی ژمارە (12)**

**گۆڕان لەژمارە و دەنگی لیستە سەرەکیەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەنێوان ساڵانی ( ٢٠١٨_٢٠١٣)**

| ناوی لیستەکان | ژمارەی دەنگ لەهەڵبژاردنی ٢٠١٣ | ژمارەی دەنگ لەهەڵبژاردنی ٢٠١٨ | گۆران لە ژمارەی دەنگ | ژمارەی کورسی لەهەڵبژاردنی ٢٠١٣ | ژمارەی کورسی لەهەڵبژاردنی ٢٠١٨ | گۆران لە ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٧٤٣٩٨٤ | ٧٢٣١٩٢ | -٢٠٧٩٢ | ٣٨ | ٤٥ | +٧ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان | ٣٥٠٠٠٠ | ٣٤٤٩٥٢ | −٥٥٤٨ | ١٨ | ٢١ | +٣ |
| بزوتنەوەی گۆڕان | ٤٧٦٧٣٦ | ١٩٩٩٤٤ | −٢٧٦٧٩٢ | ٢٤ | ١٢ | −١٢ |
| یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان | ١٨٦٧٤١ | ٨٣٦٢٦ | −١٠٣١١٥ | ١٠ | ٥ | −٥ |
| کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ١١٨٥٧٤ | ١١٧٨٨٦ | −٦٨٨ | ٦ | ٧ | +١ |
| بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان | ٢١٨٣٤ | ٨٣٦٢٦ | ---- | ١ | ١ | ٠ |
| سۆسیالیست+سەردەم | ١٢٥٠١ | ١٥٤٣٤ | +٢٩٣٣ | ١ | ١ | ٠ |
| لیستی ئازادی | ١٢٣٩٢ | ٨٠٦٣ | −٤٣٢٩ | ١ | ١ | ٠ |
| جوڵانەوەی نەوەی نوێ | ---- | ١٢٧١١٥ | | --- | ٨ | ٠ |
| ئاراستەی سێیەم | ٨٦٨١ | ----- | | ١ | --- | ٠ |

سەرچاوە کاری توێژەر بە پشت بەستن بە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و ڕاپرسی
https://www.khec.krd/defau

**دەرئەنجام:**

١.لە هەڵبژاردنی خولی چوارەم و پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان گۆڕانکاری لە دەنگی لیستە بەشداربوەکان ڕویداوە بەرادەیەک پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەردو پرۆسەکە براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکان بوە لە هەڵبژاردنی خولی چوارەم ڕێژەی دەنگەکانی (٣٨%)لە خولی پێنجەم ڕێژەی دەنگەکانی بەرز دەبێتەوە بۆ (٤٥%).

٢.بزوتنەوەی گۆڕان لە خولی چوارەم ڕێژەی دەنگەکانی (٢٤%)لە خولی پێنجەم ڕێژەی دەنگەکانی دابەزی بۆ (١٢%).

٣.یەکیەتی نیشتمانی کوردستان ڕێژەی دەنگی لە هەردو خول گۆڕانی بەسەر داهاتوە لەخولی چوارەم (١٨%)لە خولی پێنجەم بەرزبۆتەوە بۆ (٢١%).

٤.یەککگرتوی ئیسلامی کوردستان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەم(١٠%)لە خولی پێنجەم لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی لیستی بەرەی ئیسلاح یان پێکهێنا ڕێژەی دەنگەکانیان دابەزی بۆ (٥%).

٥.کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لە خولی چوارەم (٦%) و لە خولی پێنجەم (٧%).

٦.لەبەرئەوەی لە هەڵبژاردنەک بۆ هەڵبژاردنێکی تر ڕێژەی دەنگدەر زیاددەکات نەوەی نوی مافی دەنگدانی دەبێت لیستی نوێ بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەنە،دەبنە فشاریش بۆ لیسەکانی تر تا بەرنامەوپەیرەوی خۆیان بگۆرن و خۆیان نوێبکەنەوە تاکو ببنە جێگای ڕەزامەندی ئەم نەوە نوێیە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

٧.پارتی دیموکراتی کوردستان له هەڵبژاردنی خولی چوارەم و پێنجەم لە پارێزگای هەولێر و دهۆک پلەی یەکەمی لیستە سەرکەوتوەکانی بەدەست هێناوە.

٨.هەردو پارتی دەسەڵاتداری هەرێم (پ.د.ک و ی.ن.ک)ساختەکاریەکی زۆر و بەرنامە بۆ دارێژراویان بەگەر خستوە لە هەردو هەڵبژاردن جگە لە بەکارهێنانی دامودەزگاکانی حکومەت دانانی سیستەمی هەڵبژاردن لە بەرژەوەندی خۆیان.

**راسپاردە:**

بۆ ئەوەی هەڵبژاردنیکی پاک و بێگەرد لە کوردستان بکرێت پێویستە متمانە بۆ هاووڵاتیان بگەرێنرێتەوە تاکی دەنگدەر دەبێت هەست بە قورسایی دەنگەکەی بکات هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد دور لە ساختەکاری بە چاودێری نەتەوەیەکگرتوەکان دانانیی بەرنامەیەکی تۆکمە و هەمەلایەن بۆ بەریوە چونی هەڵبژاردن تاوەکو بنەماکانی سیستەمی دیموکراسی بە تەواوی جێگیر بێت بۆ ئەو مەبەستەش پێشنیار دەکەین:

١.ئەنجام دانی توێژینەوەی زانستی و بەستنی کۆر و سیمینار وۆرکشۆپ و کردنەوەی خولی تایبەت بە پرسی هەڵبژاردن لەلایەن توێژەران و دروستکردنی پەیمانگا و ئەکادیمیای تایبەتمەند و هینانەوەی پسپۆری ورد لە بورای هەڵبژاردن بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاک، ناردنە دەرەوەی خەڵکانی شارەزا بۆ بینین و بەرێوە چونی پرۆسەکانی هەڵبژاردن لەوڵاتانی تر چۆنیەتی پەیرەو کردنی میکانیزمەکانی هەڵبژاردن

٢.دانانی یاساو ڕیسای تایبەت بە هەڵبژاردن و سیستەمەکانی هەڵبژاردن کە گونجاو بێت لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان و پەیرەو کردنی ئەو یاسایانەی کە پەسەند دەکرێت لەکاتێک دا جێگای ڕەزامەندی هەمو لایەک بێت.

٣.دورخستنەوەی دەستی حیزب لە کاری کۆمسیۆن تا هەڵبژاردن بەشێوەیەکی پاک و بێگەرد بەڕێوەبچێ دوربێت لە ساختەکاری.

٤.بۆئەوەی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد بەڕێوەبچێت پیویستە سەرژمێری گشتی بکرێت تاوەکو ژمارە و ڕێژەی دەنگدەران بە وردی بزانرێت. بەمەش کاریگەری لەسەر خاوێنی بەڕێوەچونی پرۆسەی هەڵبژاردن دەبێت.

٥.لەبەرچاوگرتنی شێوازی دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن بەپێی پاریزگاکان ئەمە وادەکات دادپەروەری لە کاندیدەکان بۆ هەر ناوچەیەک بەدی بێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12

# The Analysis of Elections' Result in the Both of Round in the Parliament (2013- 2018) of Kurdistan's Region and the Changes in the form of Elections' Result in the Both of Round

**Safin Jalal Fatalla[1] - Balen Faithalla Abdulla[2]**
[1+2]Geography Department, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**
The election is one of the important subject in the political of politics in general and in the geography of election in specific because there is two ways to receive the authority into philosophy of authority, one of them in the way of violence through attacker that it is cause to a terrible situation in the political, social and economy And another way is that the community is agree on the democracy and make a change in the authority, in a peace way and away from violence through election . In this research we analyze the geography to the result of elections in the round of fourth and fifth of Kurdistan's parliament and make a distinguished in the result of both of round and we analyze those changes that happened and we will evaluate them. The investigation consist of three parts, the first part is the analysis of geography to the election of fourth round of Kurdistan's parliament ,itself consist of three subject. The first subject is the list of competition of works to general chair and second is the list of competition to final chair The second part is the analysis of geography to elections' result of fifth round of Kurdistan's parliament of (2018) The first subject is the list of agents to general chair and second subject is the list competitions to final chairs , third part is the changes from the form of results in both round of elections (2013-2018) in the parliament of Kurdistan 's region.

**Keywords** :Election, Vote, Voter, Elector.


**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12**

## سەرچاوەکان:

وەزارەتی پلاندانان،دەستەی ئاماری هەرێم،٢٠٢١/٨/٢٥(https://www.khec.krd)

دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان٢٠٢١/٨/١١( https://www.jamawarnews.com)

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی٢٠٢١/٨/٢٩ (https://www.khec.krd/defau)

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، ناوەندی هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان،ڕاپۆرتی بڵاونەکراوە بی ژ.ل

حمد،سەرهەد شێخە،٢٠١٧، گۆڕانی نەخشەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عیراق لەنیوان سالانی(٢٠١٤-٢٠١٠) دا،نامەی ماستەر، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی ڕاپەرین

کەریم، احمد،٢٠١٩، جوگرافیای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لێکۆلینەوەیەک لە جوگرافیای ڕامیاری، تێزی دکتۆرا، کۆلیجی زانستە مرڤایەتیەکانی زانکۆی سلیمانی

سەنگاوی، فاتیح، بەرپرسی سەنتەری توێژینەوەی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان،پەیوەندی تەلەفۆنی،٢٠٢١/٩/٢٢

عبدلخالق مسعود، بەرپرسی دەزگای ستاندەر، هەولێر،٢٠٢١/١٠/٢٥

شێرزاد، بڵند، سەرۆکی پارتی ڕزگاری نەتەوەی تورکمانی،٢٠٢١/١٠/١٦



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper12**